# كاریگەریی ستراتیجییەتی پۆست و برینان لەسەر دەستکەوت و گەشەپێدانی بیرکردنەوەی داهێنەرانە لای فێرخوازانی کۆلێژی پەروەردە لە بابەتی ڕێزمانی کوردیدا

**م.ی ڕووناک غازی محەمەد مەندەلاوی**
ronak.ghazi@ircoedu.uobaghdad.edu.iq
**پ. عەلی داوود جوامێر**
ali.dawood@ircoedu.uobaghdad.edu.iq
زانکۆی بەغداد/ کۆلێژی پەروەردەی ئیبن ڕوشد/ بەشی زمانی کوردی

**الملخص**

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە زانینی کاریگەریی ستراتیجییەتی پۆست و برینان لەسەر دەستکەوت و گەشەپێدانی بیرکردنەوەی داهێنەرانە لای فێرخوازانی کۆلێژی پەروەردە لە بابەتی ڕێزمانی کوردیدا.

بۆ وەدەستهێنانی ئامانجی توێژینەوە، توێژەر گریمانەیەکی سفریی دارشت. توێژەر پشتی بە دیزایینی گروپی هاوسەنگ بەست، کە دوو گروپی لەخۆ دەگرت: گروپی ئەزموونگەری کە فێرخوازانی بابەتیان بەپێی ستراتیجییەتی (پۆست و برینان) دەخوێند و گروپی کۆنترۆڵکار کە فێرخوازانی هەمان بابەتیان بە ڕێگای ئاسایی دەخوێند و بە تاقیکردنەوەی پاشی بۆ گۆڕاوی دەستکەوت.

کۆمەڵی ئەم توێژینەوەیە بریتیی بوو لە فێرخوازانی بەشی زمانی کوردی کۆلێژی پەروەردەی ئیبن ڕوشد بۆ زانستە مرۆڤاییەتیەکانی زانکۆی بەغداد / قۆناغی یەکەم لە بابەتی ڕێزمانی کوردی بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٣-٢٠٢٤).

هۆبەی (أ) ژمارەی فێرخوازانی (٢٢) فێرخواز بوو بە گروپی ئەزموونگەری، هۆبەی (ب)یش کە ژمارەی فێرخوازانی (21) فێرخواز بوو بە گروپی کۆنترۆڵکار.

توێژەر هاوسەنگی لەنێوان فێرخوازانی هەردوو گروپدا کرد لە گۆڕاوەکانی: (تەمەنی فێرخوازان بەمانگ، زانیاری پێشووی فێرخوازان لە سەر ئەو بابەتانەی کە لە ئەزمووندا دەخوێندرێن، زیرەکی، ئاستی خوێندنی باوکان، ئاستی خوێندنی دایکان).

لە ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە: بەکارهێنانی ستراتیجیەتی پۆست و برینان لە وتنەوە و فێرکردنی بابەتی ڕێزمانی کوردی بۆ فێرخوازانی کۆلێژ (وەک زمانی دووەم)، کاریگەرییەکی کارا و بەرچاوی هەبوو لە بەرزکردنەوەی دەستکەوتیان و گەشەپێدانی بیرکردنەوەی داهێنەرانە لەم بابەتەدا.

توێژەر چەند ڕاسپاردەی خستەروو، لەمانە: دەکرێت ستراتیجییەتی پۆست و بریnan لە فێرکردنی ڕێزمانی کوردی بۆ فێرخوازانی بەشی زمانی کوردی بەکاربهێنرێت (ئەوانەی کوردی زمانی دووەمیانە و ئاخێوەری ڕەسەنی کوردی نین). هەروەها هاندانی مامۆستایان لەسەر بەکارهێنانی هۆکار و ئامرازی فێرکردنی جۆراوجۆر و ئەنجامدانی چالاکی فێرکردنی جۆراوجۆر لە ناو ژووری پۆل.

وشە سەرەکییەکان: کاریگەریی، ستراتیجییەتی پۆست و بریnan، بیرکردنەوەی داهێنەرانە، بابەتی ڕێزمانی کوردی.

## أثر استراتيجية بوست وبرينان في تحصيل وتنمية التفكير الابداعي عند طلبة كلية التربية في مادة قواعد اللغة الكردية

**م.م. روناك غازي محمد المندلاوي**

**أ.علي داود جوامير**

**جامعة بغداد كلية/ التربية ابن رشد للعلوم**

**الملخص**

يهدف البحث التعرف الى أثر استراتيجية بوست وبرينان في تحصيل وتنمية التفكير الابداعي عند طلبة كلية التربية في مادة قواعد اللغة الكردية، وللتحقيق من هدف البحث صاغت الباحثة فرضية صفرية. وأعتمدت تصميم المجموعتان المتكافئة، مجموعة تجريبية درست المادة على وفق استراتيجية بوست وبرينان، ومجموعة ضابطة درست المادة نفسها بحسب الطريقة الاعتيادية، وبأختبار بعدي للتحصيل الدراسي والتفكيرالابداعي. واشتمل مجتمع البحث طلبة قسم اللغة الكردية كلية التربية ابن رشد للعلوم الانسانية جامعة بغداد / المرحلة الاولى لمادة قواعد اللغة الكردية للعام الدراسي (٢٠٢٣-٢٠٢٤). مثلت شعبة (أ) البالغ عدد طالباتها (٢١) طالب وطالبة المجموعة التجريبية ومثلت شعبة (ب) البالغ عدد طلابها (٢٢) طالب وطالبة ايضا المجموعة الضابطة.

أجرى الباحثان التكافؤ بين طلاب مجموعتي البحث في المتغيرات: (العمر الزمني محسوباً بالشهور، المعرفة السابقة عن المادة الخاضعة للتجربة، عامل الذكاء، التحصيل الدراسي لآباء االطلبة وامهاتهن).

**ومن النتائج التي توصل اليها البحث: اهمية** استعمال استراتيجية بوست وبرينان في زيادة تحصيل الطلبة في مادة قواعد اللغة الكردية للطلبة الكلية الدارسين اللغة الكردية (كلغة ثانية) و لها تأثير ملموس في رفع مستوى تفكيرهن الابداعي.

**وأوصى الباحثان توصيات عدة، منها:** أمكانية استعمال استراتيجية بوست وبرينان في تعلم قواعد اللغة الكردية لطلبة قسم اللغة الكردية وحث الاساتذة على استعمال وسائل تعليمية متنوعة داخل حجرة الصف.

**الكلمات المفتاحية: اثر، استراتيجية بوست وبرينان، التفكير الابداعي، مادة قواعد اللغة الكردية.**

## The effect of Post and Brennan's strategy on the achievement and development of creative thinking among students of the College of Education in the subject of Kurdish grammar

**Ronak Ghazi Mohammed Mandalawi**

**Ali Daoud Jawamer**

**University of Baghdad/ Ibn Rushd College of Education for Humanities**

**Abstract**

The research aims to identify the effect of Post and Brennan's strategy on the achievement and development of creative thinking among students of the College of Education in the subject of Kurdish grammar. To achieve the research objective, the researcher formulated a null hypothesis. The researchers adopted the design of two equivalent groups, an experimental group that studied the subject according to Post and Brennan's strategy, and a control group that studied the same subject according to the usual method, with a post-test for academic achievement and creative thinking. The research community included students of the Kurdish Language Department, Ibn Rushd College of Education for Humanities, University of Baghdad / first stage of the Kurdish Grammar course for the academic year (2023-2024). Class A, with 21 male and female students, represented the experimental group, and Class B, with 22 male and female students, represented the control group .

The researchers conducted equivalence between the students of the two research groups in the variables: (chronological age calculated in

months, previous knowledge about the subject of the experiment, intelligence factor, academic achievement of the students' fathers and mothers).

Among the results reached by the research: The importance of using the Post and Brennan's strategy in increasing students' achievement in the subject of Kurdish grammar for college students studying Kurdish (as a second language) and it has a tangible effect in raising the level of their creative thinking .

The researchers recommended several recommendations, including: The possibility of using the Post and Brennan strategy in teaching Kurdish grammar to students of the Kurdish language department and urging teachers to use various educational methods inside the classroom.

Keywords: Effect, Post and Brennan's strategy, Creative thinking, Kurdish language grammar material

**بەشی یەکەم:**

**یەکەم: کێشەی توێژینەوەکە:** ڕێگاکانی وانەوتنەوە بە بڕبڕەی پرۆسەی فێرکردن دادەنرێت، کە وانەوتنەوە لە بەدیهێنانی ئەنجامی ویستراو لای فێرخوازان لە سەرجەم قۆناغەکانی فێرکردن جەختی لەسەر دەکات، لە ئەنجامی ئەم گرنگی پێدانەدا، ڕاستی ئەو وتەیە جێگیر و سەلماوە (مامۆستای سەرکەوتوو ڕێگای گونجاوە)، لەبەرئەوەی هەڵبژاردنی ستراتیژ یان ڕێگای وانەوتنەوەی گونجاو، بە شێوەیەکی فراوان پشت بە وانەوتنەوەی شیاو و بەتوانا دەبەستێت، لەگەڵ سەرکەوتنی لە وانەوتنەوە، لە بنەڕەتەوە بەستراوەتەوە بە پەیوەندی باش و دروست لەگەڵ فێرخوازەکانی. (القطامي، ٢٠٠٧: ل ١٧٩)

ستراتیژییەت و ڕێگای پشت پێ بەستراو لە وانەوتنەوە، یارمەتی گەشەپێدانی بیرکردنەوەی داهێنەرانە دەدات، هەروەها توانا و توانست و بەهرە نایابەکان و توانای داهێنان لە بەندی کلاسیکی و شوێنکەوتەیی کۆت و بەند دەکات، لە کاتێکدا کاری فێرکردن پشت بە تەلقین و ئەزبەرکردن ببەستێت، هەروەها کاتێك لە ئەقڵی فێرخواز گیانی پرسیارکردن کپ دەکات، (عبد العال، ٢٠٠٧: ل ٢٢٨)، لەبەرئەوە توێژەر لاوازی لی ئاستی بیرکردنەوە لای فێرخواز بینیەوە، کە هوموویان بە ڕێگای کلاسیکی بیردەکەنەوە، لەبەرئەوە بووە بە پرسێکی پێویست و بە پەلە بۆ

دەرچوون لەو شێوزەی بیرکردنەوە، هەروەها کار لەسەر گەشەپێدانی کارامەیی پەرەسەندوو لە جۆرەکانی بیرکردنەوەی جیاواز بدرێت، لەوانە بیرکردنەوەی داهێنەرانە.

توێژەر لە ماوەی کارکردنی لە بەشی وانەوتنەوە و زانیارییەکانی لەسەر ژمارەی ئەدەبیات و لێکۆڵینەوەکانی پێشوو، گەیشت بەوەی فێرخوازان مەیلی ئەزبەرکردنیان هەیە، هەروەها شێوازەکانی خستنەڕووی بابەتەکان، بیرکردنەوەیان ناوروژێنێت، ئەوە بووە بە هۆی لاوازی بەشداریان لە پرۆسەی فێرکردن، تاکو ئێستا زۆربەی بابەتەکان جەخت لە لایەنی تیۆری و شێوەیی و ئەزبەرکردن و تەلقین دەکەنەوە.

لە ماوەی گفتوگۆکردن لەگەڵ ژمارەیەك لە مامۆستایانی کۆلێژی پەروەردەی ئیبن ڕوشد بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان/ بەشی زمانی کوردی، دەرکەوت دابەزین لە ئاستی دەستکەوتی فێرخواز لە بابەتی ڕێزمانی کوردی هەیە، کە دەگەڕێتەوە بۆ پشت بەستانیان بە ڕێگای وتاردان و بەکارنەهێنانی ڕێگا و شێواز و مۆدێلی وانەوتنەوەی نوێ و جۆراوجۆرنەکردنی شێوازەکانی وانەوتنەوە، تاکو لەگەڵ هەڵوێستەکانی وانەوتنەوە بگونجێت، ئەوانە وایانکردووە فێرخواز پشت بە ئەزبەرکردنی بابەتەکانی خوێندن ببەستێت، بەبێ تێگەیشتن و وەرگرتن و بێ توانای زانینی چۆنیەتی سوودبینین لێی و کارپێکردنی لە ژیانی ڕۆژانە، هەموو ئەوانە بووە بە هۆی نەمانی زانیاری و لەیادچوونەوە و نەبوونی توانا گێرانەوەیان لە کاتی پێویست.

لەبەرئەوە توێژینەوەی ئێستا بۆ زانینی کاریگەری ستراتیژییەتی پۆست و برینان لەسەر دەستکەوت و گەشەپێدانی بیرکردنەوەی داهێنەرانە لە بابەتی ڕێزمانی کوردی لای فێرخوازانی کۆلێژی پەروەردە بۆ جێگیرکردنی ئەزموونیانەی ڕادەی کارایی ئەو ستراتیژییە.

**دووەم: گرنگی توێژینەوەکە:**

ستراتیژییەتی و وانەوتنەوە و ڕێگا جیاوازەکان، کاریگەری ڕوونیان لەسەر بەدیهێنانی ئەو پرۆسەی وانەوتنەوە هەیە کە ئەنجام دەدرێت، لەبەرئەوەی ئامرازی گواستنەوەی مەعریفەیە، هەروەها کارامەیی بنەڕەتییە بۆ ئەنجامدانی پرۆسەی فێرکردن، هەرچەندە ستراتیژییەت یان ڕێگاکە بۆ هەڵوێستی فێرکردن گونجاو بێت، هەروەها لەگەڵ تەمەنی فێرخواز و زیرەکی و توانا و مەیلی گونجاو بێت، ئامانجی دیاریکراو لە ڕێگایەوە بە قوڵی و سوودەوە بەدیدێت، (زایر واخرون، ٢٠١٣: ل ٢٠). ستراتیژییەتی وانەوتنەوە بە ئامرازی کارا دادەنرێت و ڕۆڵی گرنگ لە پرۆسەی فێرکردن دەبینێت، مەعریفەی فراونی مامۆستا بە ستراتیژییەتی جۆراوجۆری فێرکردن و توانا لەسەر بەکارهێنانی، یارمەتی دەدات لەسەر زانینی بارودۆخی وانەوتنەوەی گونجاو بۆ جێبەجێکردن، بۆئەوەی پرۆسەی فێربوون بەجۆش و چێژبەخش بێت بۆ فێرخوازان، هەروەها گونجاو بێت لەگەڵ تواناکانیان، هەروەها پەیوەندی بەهێزی بە ژیانی ڕۆژانەیان هەبێت، هەروەها مەیل و ئارەزوویان ڕەزامەند بکات. (الحيلة وتوفيق، ٢٠١٣: ل ٢٥)

ستراتیژییەتی پۆست و برینان لە ستراتیژییەتە نوێیەکانە، یارمەتی فێرخواز لەسەر دەوڵەمەندکردنی زانیارییەکانیان و زیادکردنی دەستکەوتیان بە ڕێگای پشت بەستان بە خودی خۆیان لەکاتی فێرکردن دەدات، لە بری تەلقیندان، هەروەها دەرفەتی بەشداریکردنیان لە دۆزینەوەی زانیاری پێدەدات، هەروەها لەسەر خستنەڕووی پرسیار بۆ گوزارشتکردن لە بیرۆکە نوێیەکانیان هانیان دەدات. ئەگەر ئەو ستراتیژییە پرۆسەی فێربوون و فێرکردن بە بیرکردنەوەی بەرهەمدار ببەسترێتەوە بە ڕێگای پرۆسەی جێبەجێکراو لە چارەسەرکردنی کێشە مرۆڤایەتییەکانی لە کێشەی ژیانی ڕۆژانە هاتوون و دەگەن بە کێشە کۆمەڵایەتییە ئاڵۆزەکان، پرسی توانای چارەسەرکردنی کێشەکان، ئەنجامی گرنگتری بۆ فێربوون دەبێت، ئەگەر فێرخواز پێویستی بە چارەسەرکردنی هەر کێشەیەك بە بڕێکی دیاریکراو لە زانیاری و کارامەیی هەبێت، توانای بەکارهێنانی زانیاری و ڕاستییەکان، بەشێکی پێویستە لە پرۆسەی چارەسەرکردنی کێشەکان، (بدوي، ٢٠٠٣: ل ١٩١). پرۆسەی فێربوون کە لە ناو پۆلی خوێندن ڕوودەدات، یارمەتی پەرەپێدانی توانا فێرخواز دەدات و گەشە بە بیرکردنەوەیان دەدات، لەبەرئەوە دەبێت گرنگی بە درکەوتنی پرۆسەی بیرکردنەوە بە جۆرەکانی بدەین، لەوانی بیرکردنەوەی داهێنەرانە.

بۆ بیرکردنەوەی داهێنەرانەی ئاراستە و دید و بۆچوون، ڕێگا بە توێژەر دەدەرێت، بیبربکاتەوە و کار بە مەعریفە و شارەزایی بکات، ئەوانە ڕێنوێنیمان دەکەن بۆ بەرهەمهێنانی بیرۆکەی نوێی بەسوود و ناباو، لە ئەنجامی ئیلهام و ئەندێشە و کارلێککردنی نێوان فێرخوازان و شارەزایی فراوان و جیاواز، (الخزاعلة واخرون، ٢٠١١: ل ٢٦٢)، بیرکردنەوەی داهێنەرانە بەشێك بە هەڵوێستی فێرکردن پێکدەهێنێت، کە شێوازی چارەسەرکردنی کێشەکان و لەدایکبوونی بیرۆکە لەخۆدەگرێت، پێویستە پەروەردەکاران بزان، گەشەپێدانی بیرکردنەوەی داهێنەرانە، تەنها لەسەر گەشەپێدانی کارامەیی فێرخوازان و زیادبوونی بەرهەمیان کورت نابێتەوە، بەڵکو گەشەپێدانی درککردن و فراوانکردنی درککراوەکانیان و بۆچوونیان دەگرێتەوە، هەروەها گەشەپێدانی ئەدەێشەیان و پلەی ئاگاییان و هەستکردنیان بە توانای و دەروونی خۆیان، بۆ زیادبوونی توانای لە خۆیدا بۆ هەڵگرتنی مەترسییەکان و بە بیرکردنەوەی داهێنەرانە چوون بۆ نادیارەکان، (حجاري، ٢٠٠٩: ل ٤٨).

زمانی کوردی ئامرازی پەیوەنیکردن و تێگەیشتن و ئاڵوگۆڕکردنی مەعریفە و بیرۆکە و شارەزاییە لە نێوان نەوەکانی پێکهاتەی کوردی لە عێراق بە تایبەتی، لەگەڵ گەلی عێراق بە شێوەیەکی گشتی، لە بنەماوە زمانی فەرمی دووەمە لە عێراق، لەبەرئەوە ڕێزمانی کوردی ئامانجی زانینی ڕێسای ڕێزمانی زمان و چۆنایەتییەکەیتی، هەروەها چۆنیەتی بەدەستهێنانی چەمکی زمانەوانی بە شێوەی ڕێکخراو و بەیەکەوە بەستراوە، زمانی کوردی وەکو هەموو زمانەکانی دیکە، تایبەتمەندی

وشەسازی و ڕێزمانی خۆی هەیە، وادەکات ئەوانەی گرنگی پێدەدەن، ڕێگای وانەوتنەوەی نوێ لە وتنەوەی پەیرەوبکەن. (خورشید، ٢٠٠٥: ل ٢٧)

ئەو فێرخوازانە بۆ پیشەی فێرکردن ئامادە دەکرێن، لە پێشدا زیاتر پێویستیان بە ڕێگای وانەوتنەوەیە، لەبەرئەوەی یارمەتیان دەدات لەسەر دەوڵەمەندکردنی زانیارییەکانیان، هەروەها گەشەپێدانی کارامەیی ئەقڵییان و ئاراستەیان و مەیلیان، لە بری پشت بەستان بە دیالۆگ لە کاتی فێرکردن، هەروەها لە بری تەلقین، دەرفەتی بەشداریکردن لە گفتوگۆی زانیاریان پێدەدات، هەروەها لەسەر خستنەڕووی پرسیار هانیان دەدات، دەرفەتی گوزارشتکردن لە بیرۆکەکانیان و مەیلییان پێ دەدات، پەروەردەکاران جەخت لە داواکاری بۆ جۆراوجۆرکردنی ڕێگاکانی وانەوتنەوە و سرتاتیژ و شێوازەکانی دەکەنەوە، لەبەرئەوەی وادەکات وانەوتنەوە لێهاتووتر بێت، لێهاتوویی و تێگەیشتنی زانستی بەس نییە، بەڵکو پێویستی بە شارەزایی تایبەتە، هەروەها بەدواداچوونی پەرەسەندن و نوێگەری زانستییە، هەروەها ڕاهێنانی بەردەوامە. (النحلاوي، ٢٠٠١: ل ١٧٤).

کۆلێژەکانی پەروەردە لە زانکۆکانی عێراق بە پایەیەکی گرنگ لە پایەکانی کۆمەڵگە دادەنرێت، کە سیاسەتی جێبەجێکردنی پلانی پەروەردەیی بە هەموو شێوەکانی لەسەر دادەنرێت، بەوشێوەیە کار لەسەر پڕکردنەوەی پێویستییەکانی کۆمەڵگە دەکات، لە ئامادەکردنی پسپۆڕییەکان و میلاکاتی زانستی و پیشەیی لەسەر ئاستی بەرز و پێشکەوتوو لە ڕووی مەعریفی و ڕۆشنبیری.

ئەوانەی دەیانخەینەڕوو، دەتوانن گرنگی توێژینەوەکە دیاری بکەین:

- دۆزینەوەی کاریگەری ستراتیژییەتی پۆست و برینان لە دەستکەوتی بابەتی ڕێزمانی کوردی.
- گرنگی پەروەردە و فێرکردن و ڕۆڵی لە بونیادنانی کۆمەڵگە.
- گرنگی بابەتی ڕێزمانی کوردی لە فێرکردنی زمانی کوردی.
- گرنگی بیرکردنەوەی داهێنەرانە لە لەدایکبوونی بیرۆکەی نوێ و تایبەتمەند بە نوێگەری و ڕەسەنایەتی.
- گرنگی قۆناغی زانکۆ و بە تایبەتی کۆلێژی پەروەردە، لەبەر ئەوەی قۆناغێکە، نوێنەرایەتی قۆناغی گەیشتن بە بیرکردنەوەی زانستی ڕاست و توانای بیرکردنەوە دەکات.

**سێیەم: ئامانجی توێژینەوەکە و گریمانەکانی:** توێژینەوەکە بۆ زانینی ئەمانەیە:

١- کاریگەری ستراتیژییەتی پۆست و برینان لەسەر دەستکەوتی بابەتی ڕێزمانی کوردی لای فێرخوازانی کۆلێژی پەروەردە.

٢- کاریگەری ستراتیژییەتی پۆست و برینان لە گەشەپێدانی بیرکردنەوەی داهێنەرانە لای فێرخوازانی کۆلێژی پەروەردە.

**چوارەم: گریمانەکانی توێژینەوەکە:** بۆ بەدیهێنانی ئامانجی توێژینەوەکە، توێژەر ئەم دوو گریمانە سفریەی داناوە.

١- جیاوازی به بەڵگەی ئاماری له ئاستی (٠،٠٥) له نێوان ناوەندی نمرەی فێرخوازانی کۆمەڵەی ئەزموونی نییه، که بەپێی ستراتیژییەتی (پۆست و برینان) دەخزێنن. لەگەڵ نمروه فێرخوازانی کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو که بەپێی ڕێگای کلاسیکی دەخوێنن، له دەستکەوتی بابەتی ڕێزمانی کوردی.

٢- جیاوازی به بەڵگەی ئاماری له ئاستی (٠٥،٠) له نێوان ناوەندی نمرەی فێرخوازانی کۆمەڵەی ئەزموونی نییه، که بەپێی ستراتیژییەتی (پۆست و برنیان) دەخوێنن، لەگەڵ نمرەی فێرخوازانی کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو که بەپێی ڕێگای ئاسایی دەخوێنن له تاقیکردنەوەی بیرکردنەوەی داهێنەرانەی کۆتایی.

**پێنجەم: سنووری توێژینەوەکە: توێژەر بەوشێوەیه دیاریدەکات:**

١- بابەتی بڕیاردراوی ڕێزمانی کوردی بۆ فێرخوازانی قۆناغی یەکەم، له بەشی زمانی کوردی، ئەو بابەتانه دەگرێتەوە (چەند تێبینییەك له بارەی ڕێنووسی کوردی به پیتی عەرەبی، پیتەکانی زمانی کوردی، خاڵبەندی، ئامرازی پێناسین و ئامرازی نەناسین، ژمارەکان، چاوگ، بەشەکانی ئاخاوتن، ناو، ئاولناو، کار، جێناو، ئامرازی پەیوەندی).

٢- وەرزی خوێندنی یەکەم له ساڵی خویندنی (٢٠٢٣/ ٢٠٢٤).

٣- فێرخوازی قۆناغی یەکەم،. له بەشی زمانی کوردی کۆلێژی پەروەردەی ئیبن ڕوشد بۆ زانسته مرۆڤایەتییەکان/ زانکۆی بەغدا.

**شەشەم: دیاریکردنی زاراوەکان:**

**١- کاریگەری: النجار پێناسەی کردووە، بریتییه له:** دەستکەوتی گۆڕاوی ویستراو یان نەویستراو که له فێرخواز ڕوودەدات، له ئەنجامی پرۆسەی فێرکردنی مەبەستدار. (النجار، ٢٠٠٦: ل ٣٣) **الساعدي پێناسەی کردووە:** بریتییه له تێڕوانینی مەعریفی یان دەروون جوڵەیی له ئەنجامی کارلێککردنی مرۆڤایەتی پەیدادەبێت، به شێوەی مەبەست کاریگەرە. (الساعدي، ٢٠١٢: ل ٣١)

توێژەر ڕێکاریانه پێناسەی کردووە: بریتییه له بڕی گۆڕانکاری له زانیاری و مەعریفه و شارەزایی، که له هیزی فێرخواز دوای پرۆسەی فێربوون دەمێنێتەوە.

**٢- ستراتیژییەتی پۆست و برینان:** گانییه پێناسەی کردووە: پرۆسەی بیرکردنەوەیه فێرخواز دەتوانیت له ڕێگایەوە بەستنەوەی نێوان ڕێساکانی له پێشدا فێریان بووە بدۆزێتەوە، هەروەها دەتوانێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەی نوێ جێبەجێیان بکات، ئەمە دەبێته هۆی فێربوون. (ابو ریاش، ٢٠٠٧: ل ٢٩٦) **راضي پێناسەی کردووە:** بریتییه له کۆمەڵێك ڕێکار فێرخواز بۆ بیرکردنەوە له بابەتی ڕێزمان کوردی پاڵدەنێت، له پێناوی گەیشتن به چارەسەر بۆ کێشەکان.

**٣- دەستکەوت: الزغلول و شاكر پێناسەیان کردووە:** "ئەو دەستکەوتەییە فێرخواز دوای تێپەڕینی بە شارەزایی فێرکردن فێری دەبەێت، بۆ زانینی ڕادەی سەرکەوتنی ستراتیژییەتەکەی مامۆستا دایناوە، بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی، ئەو مەعریفەیەی فێرخواز پێی دەگات". (الزغلول وشاكر، ٢٠٠٧: ل ٨٧) **زاير وسماء پێناسەیان کردووە:** بریتییە لەو توانایەی فێرخواز لە شارەزایی و زانیاری هەیەتی، کە دەتوانێت لە چارەسەرکردنی بەپێی توانا بۆ پرسیارەکانی ڕووبەڕووی دەکرێتەوە بەکاریبهێنێت. (زاير وسماء، ٢٠١٣: ل ١٤٩)

**توێژەر ڕێکاریانە پێناسەی کردووە:** ئەو نمرەیەیە فێرخوازی قۆناغی یەکەم لە کۆلێژەکانی پەروەردە (نموونەی توێژینەوە) لە تاقیکردنەوەی دەستکەوت لە بابەتی ڕێزمانی کوردی کە خوێندوویەتی دەستی دەکەوێت.

**٤- بیرکردنەوەی داهێنەرانە: ابو جادو پێناسەی کردووە:** بریتییە لە کۆمەڵێك توانستتی ئەقڵی کە دەتوانین بیانسین و پێوانەی بکەین بە تاقیکردنەوەی ئامادەکراو بۆ ئەو مەبەستە، کەخۆی لە ڕوانی و نەرمی و ڕەسەنایەتی دەنوێنێت. (ابو جادو، ٢٠٠٣: ل ٢١٢) **بكري پێناسەی کرووە بریتییە لە:** چالاکی ئەقڵی ناڕێکخراو، لە ڕەوتی بیرکردنەوەی ئاسایی باو دەردەچێت، دەبێتە هۆی پێکهاتنی ئەنجامێك تایبەتمەندە بە ڕەسەنایەتی و نوێگەری. (بكري، ٢٠١٥: ل ١٢٨)

**توێژەر ڕێکاریانە پێناسەی کردووە:** گەشەپێدانی توانستی ئەقڵی فێرخوازە (نموونەی توێژینەوە) بۆئەوەی بتوانێت بیرۆکەی نوێ لەدایك بێت، تایبەتمەندە بە ڕەسەنایەتی و نوێگەری.

**٥- کۆلێژی پەروەردە:** یەکێکە لە دەزگانی فێرکردنی باڵا و توێژینەوەی زانستی لە عێراق، ئامانجە ئامادەکردنی پسپۆڕانی شیاوی پەروەردەیی و زانستییە، بۆ وانەوتنەوە لە خوێندنگا ناوەندی و ئامادەییەکان، لەگەڵ ئامادەکردنی شیاوی زانستی (ماستر، دکتۆرا) بۆ کارکردن وەکو شارەزا و وانەبێژ لە وەزارەتی پەروەردە و فێرکردنی باڵا. (جمهورية العراق، ١٩٩٠: ل ٣٨)

**٦- ڕێزمانی زمانی کوردی: مارف** پێناسەی کردووە: ماددەیەکی زانستییە، یەکێکە لە بەشە پیکهێنەرەکانی زمانناسی و بریتییە لە کۆمەڵێك یاسا و دەستوور لە بارەی گۆڕینی وشە و چوونە پاڵ یەکدی وشە لە ڕستەدا. (مارف، ٢٠١٤: ل ٥). **خۆشناو(٢٠٠٩)** ڕێزمان ئاستێکە لە ئاستەکانی زمان کە بەهۆیەوە هەردوو لایەنی مۆرفۆلۆژی و سینتاکس دەگرێتەوەخۆ. (خۆشناو، ٢٠٠٩: ١٢). **ئەمین (٢٠١٣):** زانستێکە فێری ئاخاوتن و نووسینی زمانێکمان ئەکات، بە شێوەیەکی ڕاست. (ئەمین، ٢٠١٣: ل ٢٢)

توێژەر ڕێکاریانە پێناسەی کردووە: بریتییە لە پرۆسەی تێگەیشتنی پەیوەندی نێوان پێکهاتەی زمان و وشە و ڕستە بۆ ڕێزمانی کوردی بۆ فێرخوازانی نموونەی توێژینەوەکە.

**بەشی دووەم: لایەنە تیۆرییەکان:**

**تیۆری بونیادی:** دانانی بەردی بناغەی فەلسەفەی بونیادی لە سەردەمی نوێ دەگەڕێتەوە بۆ توێژینەوەکانی (پیاژێ)، کە چالاکی فێرخواز بە پایەی بنەڕەتی لە فێربوون و پێوەی بڕیاردانی دادەنێت. (زیتون، ٢٠٠٠: ل ٢٨٣) تیۆری بونیادی دەیەوێت یارمەتی فێرخواز لەسەر هەڵگرتنی بنەڕەتەکانی مەعریفە لە یادەوەری بدات، بۆئەوەی پایەی زانستی دروست و تێگەیشتنیان هەبێت، بۆئەوەی بتوانن لە تێگەیشتنی دیاردەکانی دەوروبەریان و چارەسەکردنی کێشەکانی لە ژیان ڕووبەڕوویان دەبنەوە بەکاربیهێنن، بەوشێوەیە فێرخواز دەبێت بە تەوەری پرۆسەی فێرکردن. (النجار، ٢٠٠٦: ٢٠٧)

ڕۆڵی فێرخواز لە تیۆری بونیادی بریتییە لە دۆزینەوەی ئەوەی فێریبووە، لە ڕێگی پەیڕەوکردنی بیرکردنەوەی زانستی، هەروەها گەڕان بەدوای واتا بە شارەزاییەکانی، هەروەها ڕۆڵی بنەڕەتی لە بەرپرسیارێتی بەڕێوەبردنی فێربوون و هەڵسەنگاندنی دەبێت، (الباوي والشمري، ٢٠٢٠: ٤٩).

**فێربوونی چالاك:** شێوازێکە لە شێوازەکانی وانەوتنەوە، پشت بە چالاکی خودی و بەشداریکردنی ئەرێنی فێرخوازان دەبەستێت، فێرخواز لە ڕێگایەوە بە بەرکاهێنانی کۆمەڵێك چالاکی و پرۆسەی زانستی وەکو تێبینی و خوێندنەوەی داتا و هەڵهێنجان توێژینەوە دەکات، لە پێناوی گەیشتن بە زانیاری داواکراو بە خودی خۆی لە ژێر سەرپەرشتی و ئاراستەکردنی مامۆستا، بەڵگەکان ئاماژە بەوەدەکەن، فێربوونی چالاك، وادەکات فێرخواز توانای بەدەستهێنانی کارامەیی دیاریکراو و مەعریفە و ئاراستەی دیاریکراوی هەبێت. (المنحة واخرون، ٢٠٢١: ل ١٦٧).

**ستراتیژییەتی پۆست و برینان:** ئەم ستراتیژییەتە لە دەروتازەی بولیا بۆ چارەسەرکردنی کێشە هاتووە، چارەسەرکردنی کێشەهکان بە ئالۆزترین چالاکی ئەقڵی دادەنرێت، وادەکات زیرەکی هەندیکجار چارەسەرکردنی کێشەکان بزانێت، لەبەرئەوە چارەسەرکردنی کێشە بە چالاکی ئەقڵی باڵا دەدەنیت، کە زۆر پرۆسەی ئەقڵی تێکچڕژاو لەخۆدەگرێت، وەکو وێناکردن و بۆچوون و بەیادهاتنەوە و ئەپستراکاندن و گەشتاندن و شیکارکردن و لێکدانەوە و خێرایی بەڵگەنەویست و تیژبینی، (الامین، ٢٠٠١: ل ٢٤٤). ستراتیژییەتی (بوست وبرينان) لەم قۆناغانە پێکدێت:

**یەکەم: درککردنی کێشەکە و ڕوونکردنەوەی و تێگەیشتنی:** چەندین توێژەر هاوڕان لەسەر بوونی پێوەر، کە توێژەر دەتوانێت لە هەڵبژاردنی کێشەی گونجاو و دروست جێبەجێی بکات، کە شیاوی توێژینەوە بێت، بە تایبەتمەندی ڕەسەنایەتی یان بنەڕەتی، هەروەها دووبارە نەبێت، مەبەست لە رەسەنایەتی جێبەجێنەبوونی هەنگاوەکانی توێژینەوە یان هەمان ڕێباز بۆ توێژینەوەی پێشوو، بتوانرێت توێژینەوەکە بۆ هەمان کێشە دووبارە بکرێتەوە و بە بارودۆخی دیاریکراو، بەپێی هەندیك پێوەری تایبەت، پێورەکان ئەمانەن:

– کێشەکە لە چوارچێوەی توێژینەوەکە و نموونەکەی بێت، لەگەڵ توانستی توێژەر و توانای زانستی.

– نوێی و رەسەنایەتی کێشەکە، کێشەکە شیاوی توێژینەوە بێت و سوودی زانستی هەبێت.

– دەستەبەرکردنی پێویستییەکان و بارودۆخی ژینگەیی. (الجابري، ٢٠١١: ل ٧٣)

– کێشەکە واقیعی بیت، واتادار و ڕوون بێت، بە یەکسانی مەبەستی مامۆستا و فێرخواز بێت، پەیوەست بێت بە بابەتی خوێندن، تاکو هەمووان بتوانن بەشداری لە خوێندنی و دۆزینەوەی چارەسەر بکەن.

– دوورکەوتنەوە لە بەرکاهێنانی ڕێگای تەلقینی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، تەنها لە بەرتەسکی سنوورەکەی نەبێت، دەبێت مامۆستا ڕێنوێنی فێرخوازان بکات و لەسەر چارەسەکردنی کێشە لە ڕێگای هاندانی فێرخوازان لەسەر خوێندنەوەی ئازاد و گەڕان بەدوای سەرچاوە و کتێب ئاراستەیان بکات. (زاير واخرون، ٢٠١٤: ل ١٠٧)

هەنگاوی هەستکردن بە کێشە، خۆی لە دیاریکردنی ئامانجی سەرەکی لەسەر دەستەی ئەنجامی پێشبینیکراوی فێرخوازان دەبینێتەوە، لەگەڵ هەبوونی ئاستەنگ کە نێوان فێرخواز و بەدیهێنانی ئامانج دەگۆڕێت، یان دەبێت فێرخوازان بزانن چیان دەوێت، هەروەها چی ئاستەنگ بۆ ویستیان دروست دەکات، بەوشێوەیە دەتوانین بڵێین: هەستکردن بە کێشە هاتەدی. (طوابلة واخرون، ٢٠١١: ل ٢٢٢)

**دووەم: ڕووبەڕوو بوونەوەی کێشە (شیکارکردنی): لەو ڕێگایەوە دەبێت:**

– کۆکردنەوەی داتا و هێنانەوەی ڕاستییەکان و یاساکان، هەروەها توێژینەوە لە پەیوەندییە پێویستەکان بۆ چارەسەکردن.

– هێنانەوەی زانیارییە ناتەواوەکان، تاقیکردنەوەی زانیاریەکانی پەیوەندیی دەستەواژەکانی کێشەکەمان روونکردەوە. هەروەها گەڕان لە زانیاری نوێ.

– دیاریکردنی چالاکییە دەستپێکەکانی پێویستتن، لە ڕێگای تێبینیکردنی ئاستەنگەکانی لەبەردەم چارەسەرکردنی کێشەکان هەیە.

**سێیەم: قۆناغی بەرهەم: ئامانجی ئەمانەیە:**

– دۆزینەوەی پەیوەندی نیوان زانیارییە دراوەکان و نادیارەکان.

– گەڕان بەدوای گریمانەی شوێنگرەوە (چارەسەری کردەیی بۆ کێشەکە).

– ریزبەندکردنی زانیارییەکانی لەلاتە لە کاتی تاقیکردنەوە.

– ڕەتکردنەوەی گریمانەکانی مەرجەکانی کێشەکە بەدیناهێنین.

- تاقیکردنەوەی ڕاستی چارەسەرەکان، تاقیکردنەوەی گریمانەکان و هەڵبژاردنیان یەك لە دوای یەك دەبیت، تاکو فێرخواز دەگات بە چارەسەری ڕاست، کە بەڵگەی زانستی تەواو پاڵپشتی دەکات و ڕاستییەکەی دەسەلمێنێت. (زاير واخرون، ٢٠١٤: ل ١٠٨)

**چوارەم: جەختکردنەوە لە ڕاستی چارەسەرکە:** لەو هەنگاوەدا خاوەنی کێشەکە بە پێشنیارکردنی شوێنگەرەوەی شیاو لەدوای چارەسەر دەگەڕێت، تاکو خاوەنی کێشەکە دەتوانێت شوێنگرەوە و گریمانە پێشنیار بکات، بێگومان دەبێت شیکاری کێشەکە بکات، داتا و زانیاری پەیوەندیدار بە کێشەکە لە ڕووی هۆکار و فاکتەری کاریگەر کۆبکاتەوە، شوێنگەرەوە و گریمانە بە گشتی لە هۆکاری شاراوە لە پشتی کێشەکەوە سەرچاوە دەگرن.

**دەستکەوت:** دەستکەوت لە چەمکە بەربڵاوەکانی بواری پەروەردە و فێرکردن دادەنرێت، لەبەرئەوەی گرنگی لە هەڵسەنگاندنی ئەدای فێرخواز لە کاتی خوێندن هەیە، کەواتە بە پێودانگی بنەرەتی دادەنرێت، لەبەر ڕۆشناییەکی ئاستی ئەکادیمی فێرخواز و بڕیاردان لەسەر بەرهەمی پەروەدەیی لە ڕووی چەندایەتی و چۆنایەتی دیاریدەکرێت، تاقیکردنەوەی دەستکەوت بەکارهاتووە بۆ دیاریکردنی ئەوەی تاك دوای ڕووبەڕوو کردنەوەی بۆ جۆرێکی دیاریکراو لە فێربوون، بەپێی پلان و نەخشەی پێشوەختە، ئەو نمرەیەی فێرخواز دەستی دەکەوێت، ئاستی دەستکەوتی فێرخوازە، کە توانیویەتی پێ بگات، کە بۆ ماوەیەکی کاتی دیاریکراو لە فێرکردن پشتی بە مامۆستا بەستووە. (زاير واخرون، ٢٠٢٠: ل ١٣)

چەندین فاکتەر کار لە دەستکەوت دەکەن، لەوانە زیرەکی، کە جیاوازە لە فێرخوازێك بۆ فێرخوازێکی دیکە، بە هۆی جیاوازی تاکایەتی نێوان فێرخوازان، هەروەها ئاستی جیاوازی ویستی فێرخوازان، کار لە جۆری و ئاستی دەستکەوت دەکات، هاوکات پاڵنەری فێرخوازان ژینگەی ماڵ و خوێندنگە و ئاراستەی باوك و دایك بەرانبەر منداڵەکانیان. (زاير، ٢٠١٥: ل ١٥)

**ڕێزمانی کوردی:**

زمانی کوردی زمانێکی سەربەخۆییە و ڕوونانی هەیە، یان لە بنەماوە شیاوی ڕوونان یان وشەسازی هەیە، هەروەها وشەی لێ دروست دەکریت، لە بنەماوە چاوگن، ڕێسای جێگیری خۆی هەیە، تایبەتمەندی ڕێزمانی وشەسازی و ئەدەبی ناسراو و جیاواز و نایابی هەیە، زمانی کوردی مێژووی هەیە، دەوڵەمەندی بە چەندین زانا و بیرمەند و فەیلەسوف و ئەدیبی کورد لە سەرجەم قۆناغەکانی مێژوو. (عبد الرحمن، ١٩٨٧: ل ٧)

چەندین ئاستەنگ ڕووبەڕووی وتنەوەی بابەتی ڕێزمانی کوردی دەبنەوە، ڕێسا ڕێزمانەییەکان زۆر بەربڵاون، لە ناوڕۆکیان زۆر حاڵەتی تایبەت هەڵدەگرن، هەروەها ڕێسای بەدەرکراو یان شاز، وەکو هەندیکجار دەگوترێت، سەختە بتوانی بە تەلقین ئەزبەریان بکەی، یان بەبێ تێگەیشتن تێی

بگەی، لەگەڵ هەموو ئەوانەدا ئاستی فێرخواز لە خوێندنەوە و نووسینی لاوازە. (الموسوي، ٢٠٠٩: ل ٦١)

**بیرکردنەوەی داهێنەرانە:** بیرکردنەوەی داهێنەرانە بە ئامانجی سەرەکی پەروەردە دادەنرێت، لەبەرئەوەی داهێنان دیارترین دیاردەی ئازادی مرۆڤە، سەردەمی ئێستا پێویستی بە بەهرە و کەسایەتی جۆراوجۆرە، لەبەرئەوە پێویستە دەرفەت بۆ فرخوازان برەخستێنرێت بۆ دۆزینەوە و ئاقیکردنەوە. (التكريتي، ٢٠١٨: ل ٣٢)

داهێنان دیاریدەیەکی هزری پێشکەوتووە، تاك لە ڕێگایەوە هەڵوێست و کێشەکان بە ڕێگای ناباو و دەگمەن چارەسەر دەکات، یان بە دانانی کۆمەڵك چارەسەری پێشوەختە و گەیشتن بە چارەسەری نویٚ، بۆئەوەی ئەنجامێك لەخۆبگرێت، بە نویٚ و ڕەسەن و بەهادار لە کۆمەڵگە وەسف بکرێت. (عبد العزيز، ٢٠٠٩: ل ٨٩) کەسی داهێنەر زۆر لە ئەوانی دیکە لە ڕووی سروشت و جۆری جیاواز نییە، بەڵام هەندیك تایبەتمەندی و توانای نیشانەیی لەسەر نوێکردنەوە و داهێنان هەیە، هەموو کەسێك دەتوانێت ببێت بە داهێنەر، ئەگەر مەعریفە و کارامەیی و ئاراستە بەدەست بهێنێت، دەتوانێت بەرەو داهێنانی بەرێت، (عبد السلام، ٢٠٢٠: ل ٣٨)، بیرکردنەوەی داهێنەرانە، بریتییە لە چالاکی ئەقڵی ئامانجدار، لە بیرۆکەی نوێی داهێنەرانە دێت، هەروەها نەناسراوە بۆ هەڵوێستە تیۆرییەکان یان جێبەجێکردنەکان لە بوارێك لە بوارەکانی فێرکردن یان ژیان، بۆئەوەی ئەو چارەسەر و ئەنجامە بە نویٚ و ڕەسەن و ئاڵۆز وەسفیبکرێت. (التميمي والنعيمي، ٢٠٢٢: ل ١٠٤)

**کارامەییەکانی بیرکردنەوەی داهێنەرانە:** چەندین کارامەیی بۆ بیرکردنەوەی داهێنەرانە هەیە، ئەمانە:

– **ڕوانی:** واتا توانای لەسەر هێنانەوەی زۆرترین ژمارە بەپێی توانا، لە وەڵامی گونجاو بەرانبەر کێشە، یان وروژێنەری دیاریکراو، لە ماوەیەکی کاتی دیاریکراودا، بۆ ئەوەی ببێت بە کارامەیی ڕوانە و هەنگاوی یەکەم بەرەو فراوانبوونی توانای ڕوودانی دیاردەی داهێنان، کە جەخت دەکاتە سەر لەدایکبوونی بیرۆکەی گونجاو بە ئازادی تەواو لەبەر ڕۆشنایی ژمارەیەك بیرۆکەی پەیوەندیدار، لە پێنای دەستکەوتنی بیرۆکەی زۆر و بە خێراترین کات بەپێی توانا. ( Torrance, 1993 , 12)، ڕوانی شێوەیەك لە ڕەوانی زارەکی، واتا ئاسانی لە بەرهەمهێنانی وشە، لەژێر مەرجی پێکهێنانی دیاریکراو، هەروەها ڕەوانی شێوەیی واتا توانا لەسەر بەرهەمهێنانی خێرا بۆ ژمارەیەك نموونە و ڕوونکردنەوە و پێکهێنان، بە پشت بەستان بە وروژێنەری وەسفی پێدراو یان شێوەیی، هەروەها توانا لەسەر گۆڕینی شێوەکان بە زیادکردنی سادە، بەڵام ڕەوانی هزری ئاماژە بە توانای فێرخواز لەسەر بەرهەمهینانی زۆرترین ژمارەی بیرکردنەوەی پەیوەندیدار بە هەڵوێستی دیاریکراو دەدات. (شواهين، ٢٠١٨: ل ١٦)

- **نەرمی،** واتا توانای فێرخواز لەسەر بەدیهێنانی بیرۆکەی جۆراوجۆر، نەك بیرۆکەی پێشبینیکراو، هەروەها ئاراستەکردن یان کۆڕینی ڕەوتی بیرکردنەوە لەگەڵ گۆڕینی پێویستییەکانی هەڵوێستەکە، کەواتە پێچەوانەی چەقبەستوویی هزرییە، واتای ئەوەیە شێوازێکی هزری دیاریکراوی پێشوەختە بونیاد دەدنێت، کە شیاوی گۆڕان نییە، بەو پێیەی پێویستی پێیەتی. (الجواهري، ٢٠١٢: ل ١٣١)

- **ڕەسەنایەتی:** بریتییە لە زۆرترین کارامەیی و بەیەکەوە بەستنەوە بە داهێنان، واتای ئەوەیە ڕەسەنە و تاکو، هەروەها گەڕان لە هور لە بیرۆکەی دەگمەنی دووبارە یان دەستکەوتن،. کەواتە بیرۆکەی بنەڕەتی، لە بیرۆکەی ئەوانی دیکە دووبارە نابێتەوە. (حمادنة، ٢٠١٨: ل ٣٢)

- **هەستیاری کێشەکان:** واتا توانای فێرخواز لەسەر درککردن، کە هەستی زۆری بۆ ئەو کێشەانە هەیە لە دەوروبەری هەیە، لە ئەنجامی بەرزبوونەوەی ئاستی ئاگایی و دۆزینەوە و تێبینیکردنی شتە نا ئاساییەکان لە هەڵوێستەکان، هەروەها دۆزینەوەی ڕەگەزی لاواز لە هەڵوێست یان ژینگە.

- **ڕوونکردنەوە یان فراوانکردن:** واتا توانای فێرخواز لەسەر زیادکردنی وردەکاری یان چارەسەری نوێ و جۆراوجۆر بۆ بیرۆکەی دیاریکراو یان چارەسەرکردنی کێشەی دیاریکراو، کە دەبێتە هۆکاری پەرەسەندنی و دەوڵەمەندبوونی و جێبەجێکردنی. (العدوان والحوامدة، ٢٠١٢: ل ٢١٣)

- **خەیاڵکردن:** بریتییە لە توانا لەسەر دید و بۆچوون یان خەیاڵی درێژی فراوان و خۆشەویست بە وردەکاری و وێنای هزری بۆ ڕووداوەکان یان هەڵوێستەکانی پێشوو، پرسی کارلێککردن لەگەڵیدا یان هەڵوێستی خەیاڵی کە فێرخواز لە هزری لەگەڵیدا دەژیت، واتای بەستنەوەی شارەزایی پێشووی هەڵگیراو لە یادەوەری و پێکهێنانی و دانانی لە پێکهاتەی نوێ، کە بە شێوەی یان وێنە یان زمان گوزارشتی لێدکات.

- **نوێگەری:** واتا نوێ لە کارکردن، یان بەرهەمی داهێنەرانە، کە وروژێنەری سەرسوڕمانە، هەورەها نائاسییە، چی بۆ گوزارشتکردن بێت بە وێنە یان میوزیك یان بە هەر وێنەیەك لە وێنەکانی گوزارشتکردن. (الحسناوي، ٢٠١٩: ل ٨١)

**توێژینەوەکانی پێشوو:** ئەوەی خوارەوە خستنەڕووی ئەو لێکۆڵینەوانەن پەیوەندیان بە بابەتی توێژینەوەکە هەیە، دابەشکراون بۆ:

١- ئەو لێکۆڵینەوانەی کاریگەری ستراتیژییەتی پۆست و برینانیان وەرگرتووە، وەکو لێکۆڵینەوەی (المحمداوي، ٢٠١٣)، لێکۆڵینەوەی (الفياض، ٢٠١٤).

٢- ئەو لێکۆڵینەوانەی دەستکەوت و ڕێزمانی کوردیان وەرگرتووە، وەکو لێکۆڵینەوەی (خليل، ٢٠١٥)، لێکۆڵینەوەی (الحميداوي،٢٠٢٤)، لێکۆڵینەوەی (المندلاوي، ٢٠٢٤).

٣- لێکۆڵینەوەکانی بیرکردنەوەی داهێنەرانەی وەرگرتووە، وەکو لێکۆڵینەوەکانی (عوبيد،٢٠٢١)و (حاجي ٢٠٢٣)

**خشتەی (١)خستنەڕووی لێکۆڵینەوەکانی پێشوو**

| ز | ناوی توێژەر و ساڵی ئەنجامدانی و شوێنکەی | گۆڕاوی سەربەخۆ | قۆناغ | قەبارەی نموونە | بابەت | ئەنجامەکان |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | المحمداوي ٢٠١٣ | کاریگەری پۆست و برینان لە دەستکەوتی بابەتی ئەدەب و دەق و بیرکردنەوەی ڕێکخراو لای فێرخوازانی پۆلی سێیەمی پەیمانگای ئامادەکردنی مامۆستایان | سێیەم پیەمانگای ئامادەکردنی مامۆستایان | ٦٢ فێرخواز | ئەدەب و دەق | جیاوازی بە بەڵگەی ئاماری لە بەرژەوەندی کۆمەڵەی ئەزموونی یەکەم و دووەم هەیە |
| ٢ | الفیاض ٢٠١٤ | کاریگەری پۆست و برینان لە دەستکەوتی ڕێزمانی عەرەبی لای فێرخوازان پەیمانگای ئامادەکردنی مامۆستایان | یەکەم | ٥٤ فێرخوا | ڕێزمانی عەرەبی | جیاوازی بە بەڵگەی ئاماری لە گۆڕاوی دەستکەوت لە بەرژەوەندی کۆمەڵەی ئەزموونی هەیە |
| ٣ | (خلیل، ٢٠١٥) بەغداد عێراق | کاریگەریی ستراتیژییەتی فێربوونی هاوبەش لە دەستکەوتی بابەتی ڕێزمانی کوردی لای خوێندکارانی بەشی زمانی کوردی | قۆناغی چوارەم لە کۆلێژی پەروەردەی ئیبن ڕۆشد بەشی زمانی کوردی زانکۆی بەغداد | ٦٢ | ڕێزمان | جیاوازی بەبڵگەی ئاماری لە بەرژەوەندی گرووپی ئەزموونی کەبەپێی ستراتیژییەتی فێربوونی هاووبەش خوێندوویانە لەسەر گرووپی کۆنترۆڵکراو کە بەپێی ڕێگای ئاسایی خوێندوویانە هەیە |
| ٤ | الحمیداوي ٢٠٢٤ | کاریگەری ستراتیژییەتی kud لە دەستکەوتی بابەتی ڕێزمانی کوردی لای فێرخوازانی پۆلی پێنجەمی ئامادەیی | پێنجەمی ئامادەیی | ٧٢ فێرخواز | ڕێزمانی کوردی | جیاوازی بە بەڵگەی ئاماری لە گۆڕاوی دەستکەوت و لەبەرژەوەندی کۆمەڵەی |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | ئەزموونی هەیە |
| ٥ | المندلاوي ٢٠٢٤ | کاریگەری ستراتیژییەتی حەوزی ماسی لە دەستکەوتی ڕێزمانی کوردی لای فێرخوازانی پۆلی پێنجەمی ئامادەیی | پێنجەمی ئامادەیی | ١١٢ فێرخواز | ڕێزمانی کوردی | جیاوازی بە بەڵگەی ئاماری لە گۆڕاوی دەستکەوت لە بەرژەوەندی کۆمەڵەی ئەزموونی هەیە |
| ٦ | ٢٠٢١عویید | کاریگەریی نموونەی بێرکنز و بلایث لەسەر دەستکەوتی بابەتی زمان و ئەدەبی کوردی لای خوێندکارانی پۆلی پێنجەمی زانستی و گەشەپێدانی بیرکردنەوەی داهێنەرانەیان | پێنجەمی ئامادەیی | فێرخواز ٦٠ | ئەدەبی کوردی | جیاوازی بە بەڵگەی ئاماری لە گۆڕاوی دەستکەوت لە بەرژەوەندی کۆمەڵەی ئەزموونی هەیە |
| ٧ | حاجي (٢٠٢٣) | کارایی ستراتیجییەکانی ترێز لە گەشەپێدانی بیرکردنەوەی داهێنەرانەی قوتابیانی پۆلی دەیەم لە بابەتی زمانی عەرەبی بۆ ئەوانەی قسەکەری زمانێکی ترن | دەهەمی ئامادەیی | ٧٢فێرخواز | زمانی عەرەبی | جیاوازی بە بەڵگەی ئاماری لە گۆڕاوی دەستکەوت لە بەرژەوەندی کۆمەڵەی ئەزموونی هەیە |

**<u>لایەنی سوود لە لێکۆڵینەوەکانی پێشوو:</u>**

١- سوودبینین لە ئەنجامەکان، دیارترینیان کێشەی لێکۆڵینەوە و گرنگەییەکەی.

٢- دانانی ئامانجی توێژینەوە و گریمانەکانی.

٣- سوودبینین لە هەڵبژاردنی نەخشەی ئەزموونی و هاوتاکردن لە هەندێك گۆڕاو کە گونجاوە لەگەڵ ئاناجی لێکۆڵینەوەکە.

٤- بونیادنانی پلانی وانەوتنەوە بۆ کۆمەڵەکانی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو.

٥- دارشتنی ئامانجی ڕەفتاری زۆر بە روونی و وردی.

٦- هەڵبژاردنی ئامرازی گونجاو و بونیادنانی.

٧- سوودبینین لە هەڵبژاردنی ئامرازی ئاماری گونجاو بۆ لێکۆڵینەوە.

**بەشی سێیەم:**

**ڕێبازی توێژینەوە و ڕێکارەکان:**

**یەکەم: نەخشەی ئەزموونی:** هەموو توێژینەوەیەکی ئەزموونی نەخشەی تایبەت بەخۆی هەیە، بە یەکەم هەنگاوی جێبەجێکردنی توێژینەوەکە دادەنرێت، بۆ دەستەبەرکردنی وردی ئەنجامەکە، لەبەرئەوە توێژەر لە ئەنجامدانی ئەزموونەکە پشتی بە نەخشەی ئەزموونی کۆنترۆڵکراوی بەشەکی بەستووە، کە پێکهاتووە لە کۆمەڵەی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو و تاقیکردنەوەی دەستکەوت و تاقیکردنەوەی بیرکردنەوەی داهێنانی کۆتایی هەیە. (عباس واخرون، ٢٠١٩: ٧٩)، شێوەی (١) ئەوە ڕووندەکاتەوە:

**شێوەی (١)نەخشەی ئەزموونی بۆ توێژینەوە**

| کۆمەڵە | گۆڕاوی سەربەخۆ | گۆڕاوی پشتبەست |
|---|---|---|
| کۆمەڵەی ئەزموونی | استراتیجیة بوست وبرینان | دەستکەوت و بیرکردنەوەی داهێنەرانە |
| کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو | ڕێگای ئاسایی | دەستکەوت و بیرکردنەوەی داهێنەرانە |

**دووەم: کۆمەڵگەی توێژینەوە و نموونەکەی:** کۆمەڵەی توێژینەوەی ئێستا پێکهاتووە لە فێرخوازانی بەشی زمانی لە کۆلێژی پەروەردەی ئیبن ڕوشد بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان لە زانکۆی بەغدا، توێژەر کۆمەڵگەی توێژینەوەی هەڵبژاردووە، کە هۆبەی (ئـ) و هۆبەی (ب) لە فێرخوازانی قۆناغی یەکەم دەنوێنێت، کە بابەتی ڕێزمانی کوردی دەخوێنن، توێژەر کۆلێژ و بەشەکەی بە مەبەست هەڵبژاردووە، لەبەرئەوەی لە بنەماوە مامۆستا بووە لە بەشەکە و کۆلێژەکە، بە شێوەی هەڕەمەکی هۆبەی (ئـ) هەڵبژاردووە، بۆئەوەی ببێت بە کۆمەڵەی ئەزموونی، هۆبەی (ب) ببێت بە کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو، ژمارەی فێرخوازان کۆمەڵەکانی توێژینەوە گەیشتووە بە (٤٣) فێرخواز، خشتەی (٢) ئەوە ڕووندەکاتەوە.

**خشتەی (٢)ژمارەی فێرخوازانی کۆمەڵەکانی توێژینەوەی (ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو) ڕووندەکاتەوە**

| کۆمەڵە | هۆبە | ژمارەی فێرخوازان | کۆی |
|---|---|---|---|
| ئەزموونی | ئـ | ٢٢ | ٤٣ |
| کۆنترۆڵکراو | ب | ٢١ | |

**سێیەم: هاوتاکردنی کۆمەڵەکانی توێژینەوە: توێژەر هاوتاکردنی لە نێوان کۆمەڵەکانی توێژینەوە لەو گۆڕاوانە ئەنجامداوە:**

**١- تەمەنی کاتی هەژمارکراوی فێرخوازان بە مانگ:** تەمەنی کاتی فێرخوازانی بە مانگ بۆ کۆمەڵەکانی توێژینەوە هەژمارکردووە، ناوەندی هەژمارکردن بۆ تەمەنی کۆمەڵەی ئەزموونی

گەیشتووە بە (٢١٧،٤٥٥)، ناوەندی تەمەنی کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو (٢١٧،٢٣٣)، لە کاتی بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی تائی بۆ دوو نموونەی سەربەخۆ بۆ زانینی بەڵگەی جیاواز، دەرکەوتووە جیاوازی بەبێ بەڵگەی ئامارییە، وەکو لە خشتەی (٣) هاتووە.

**خشتەی (٣)ئەنجامی تاقیکردنەوەی تائی بۆ هاوتاکردنی نمرەی کۆمەڵەکانی توێژینەوە لە تەمەنی کاتی هەژمارکراو بە مانگ**

| کۆمەڵە | ژمارە | ناوەندی هەژمارکردن | لادان | جیاوازی | بەهای تائی هەژمارکراو بە | بەهای تائی خشتەیی | نمرەی ئازاد | بەڵگەی ئاماری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ئەزموونی | ٢٢ | ٢١٧,٤٥٥ | ٣,٦٥٤ | ١٣,٢٤٢ | ٠,٢٦٣ | ٢,٠٢١ | ٤١ | بێ بەڵگەی ئاماریلە ئاستی ٠,٠٥ |
| کۆنترۆڵکراو | ٢١ | ٢١٧,٢٣٣ | ٣,٥٩٨ | ١٢,٨٤١ | | | | |

**٢- دەستکەوتی خوێندنی باوکان:** توێژەر زانیاری تایبەت بە دەستکەوتی خوێندنی باوکان و دایکان لە ڕێگای فۆرمی زانیاری دەستکەوت، کە بەسەر فێرخوازانی دابەشکردبوو، بۆ زانینی هاوتایی کۆمەڵەکانی توێژینەوە، توێژەر هاوکێشەی چوارلای کای بەکارهێنا،، ئەنجامەکە دەریخست، بەهای چوارلای کاری هەژمارکراو (١،٤٣٢)، ئەوە بچووکترە لە بەهای چوارلای کای خشتەیی کە گەیشتووە بە (٧،٨١٥)، ئەوە بەڵگەیە لەسە هاوتایی کۆمەڵەکانی توێژینەوە لە گۆڕاوی دەستکەوتی خوێندنی باوکان. وەکو لە خشتەی (٤) ڕوونکراوەتەوە.

**خشتەی (٤)هاوتایی کۆمەڵەکانی توێژینەوە لە ئاستی دەستکەوتی خوێندنی دایکان**

| کۆمەڵە | ژمارە | تەنها سەرەتایی | ناوەندی | ئامادەیی | بەکالۆریۆس و سەروتر | بەهای کای هەژمارکراو | بەهای کای خشتەیی | نمرەی ئازاد | بەڵگەی ئاماری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ئەزموونی | ٢٢ | ٤ | ٦ | ٧ | ٥ | ١,٤٣٢ | ٧,٨١٥ | ٣ | بێ بەڵگەی ئاماری لە ئاستی ٠,٠٥ |
| کۆنترۆڵکراو | ٢١ | ٣ | ٧ | ٥ | ٦ | | | | |

**٣- دەستکەوتی خوێندنی دایکان:** بۆ زانینی هاوتایی کۆمەڵەکانی توێژینەوە، توێژەر هاوکێشەی چوارلای کای بەکارهێناوە، ئەنجامەکە دریخستووە، بەهای چوارلای کای هەژمارکراو گەیشتووە بە (٥٦١، ١)ئەوە بچووکترە لە بەهای چوارلای کای، ئەنجامەکە دەریخستوویە، بەهای چورلای کای هەژمارکراو گەیشتووە بە (١،٥٦١) ئەوە بچووکترە لە بەهای چوارلای کای خشتەیی کە گەیشتووە بە (٧،٨١٥)، بەڵگەیە لەسەر هاوتاکردنی کۆمەڵەکانی توێژینەوە لە گۆڕاوی دەستکەوتی خوێندنی دایکا. وەکو لە خشتەی (٥) ڕوونکراوەتەوە.

**خشتەی (٥)هاوتاکردنی کۆمەڵەکانی توێژینەوە لە ئاستی دەستکەوتی خوێندنی دایکان**

| کۆمەڵە | ژمارە | تەنها سەرەتایی | ناوەندی | ئامادەیی | بەکالۆریۆس و سەروتر | بەهای کای هەژمارکراو | بەهای کای خشتەیی | نمرەی ئازاد | بەڵگەی ئاماری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ئەزموونی | ٢٢ | ٦ | ٦ | ٧ | ٣ | ١,٥٦١ | ٧,٨١٥ | ٣ | بێ بەڵگەی ئاماری لە ئاستی ٠,٠٥ |
| کۆنترۆڵکراو | ٢١ | ٥ | ٧ | ٦ | ٣ | | | | |

٤- **تاقیکردنەوەی زیرەکی:** پشت بەستان بە تاقیکردنەوەی ڕاڤن بۆ پێوانی زیرەکی، لەبنەماوە تاقیکردنەوەی چاککردنی ژینگەی عێراقییە، دانانی یەك نمرە بۆ بڕگەی ڕاست، سفر بۆ بڕگەی هەڵە یان جێهێڵدراو، نمرەی هەمووەکی (٦٠) نمرەیە، ناوەندی هەژماری بۆهەردوو کۆمەڵە هەژمارکردووە، بەوشێوەیە ناوەندی هەژماری بۆ کۆمەڵەی ئەزموونی گەیشتووە بە (٢٨،٧٦١)، ناوەندی هەژماری بۆ کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو گەیشتووە بە (٢٩،٥٢٣)، بە بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی تائی بۆ دوو نموونەی سەربەخۆ، دەرکەوتووە بەهای تائی هەژمارکراو گەیشتووە بە (٠،٢٨٢)، ئەوە کەمترە لە بەهای تائی خشتەیی کە گەیشتووە بە (٢،٠٢١)، لە نمرەی ئازادی (٤١)، ئەوە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کۆمەڵەکانی توێژینەوە هاوتان لە تاقیکردنەوەی زیرەکی، خشتەی (٦) ئەوە ڕوون دەکاتەوە.

**خشتەی (٦)اوتایی نمرەی کۆمەڵەکانی توێژینەوە لە تاقیکردنەوەی زیرەکی ڕاڤن**

| کۆمەڵە | ژمارە | ناوەندی هەژمارکردن | لادان | جیاوازی | بەهای تائی هەژمارکراو | بەهای تائی خشتەیی | نمرەی ئازاد | بەڵگەی ئاواری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ئەزموونی | ٢٢ | ٢٨,٧٦١ | ٩,٦٣٤ | ٨٤,٢٦٥ | ٠,٢٨٢ | ٢,٠٢١ | ٤١ | بێ بەڵگەی ئاماری لە ئاستی ٠,٠٥ |
| کۆنترۆڵکردن | ٢١ | ٢٩,٥٢٣ | ٨,٤٨٦ | ٧٨,٨٩١ | | | | |

**چوارەم: کۆنترۆڵکردنی گۆڕاوی ناوخۆیی:** توێژەر هەوڵیداوە سنوورێك بۆ کاریگەری هەندێك گۆڕاوی ناوخۆیی نا ئەزموونی دابنێت، کە باوەڕی وایە کاریگەری لە دروستی ئەزموونەکە دەبێت، لەبەرئەوە کۆنترۆڵکردنی دەبێتە هۆکاری ئەنجامی زۆر وردتر. (ملحم، ٢٠١٧: ل ٢٠٣)

- **ڕووداوەکانی ڕوودەدەن:** ئەزموونەکە ڕووبەڕووی هیچ ڕووداوێك نەبووەوە، کە هەنگاوەکانی بەڕێوەچوونی ئەزموونەکە پەك بخات.

– **لەبە رچوونی ئەزموونی:** بەشێك لە تاكەكانی كۆمەڵەی توێژینەوەی ئەزموونی ڕووبەڕووی نەهاتن بۆ دەوان لە كاتی ئەزموونەكە نەبوونەوە.

– **پرۆسەی پەیوەست بە پێگەیشتن:** كۆمەڵی توێژینەوەی ئەزموونی لە هەمان ماوە ڕووبەڕوو بوونەوە، پێگەیشتن لە هەردوو كۆمەڵی ڕوویدا.

– **ئامرازی پێوانەكردن:** ئەو گۆڕاوە بە پشت بەستان بە هەمان ئامرازی پێوانەكردن بۆ كۆمەڵەكانی توێژینەوە كۆنترۆڵكرا، كە تاقیكردنەوەی دەستكەوتی ڕێزمانی كوردی و تاقیكردنەوەی بیركردنەوەی داهێنەرانە بوو.

**پێنجەم: دیاریكردنی بابەتی زانستی:** توێژەر بە خودی خۆی بابەتی بڕیاردراوی ڕێزمانی كوردی بۆ فێرخوازانی قۆناغی یەكەم لە بەشی زمانی كوردی بۆ وەرزی خوێندنی یەكەم لە ساڵی خوێندنی (٢٠٢٣ – ٢٠٢٤) وتەوە، كە ئەمبابەتانە لەخۆدەگرێت (چەند تێبینییەك لە بارەی ڕێنووسی كوردی بە پیتی عەرەبی، پیتەكانی زمانی كوردی، ئامرازی ناسین، ئامراوی نەناسین، ژمارەكان، چاوگ، بەشەكانی ئاخاوتن، ناو، ئاوەلناو، كار، جێناو، ئامرازی پەیوەندی).

**شەشەم: داڕشتنی ئامانجی ڕەفتاری:** توێژەر ئامانجە رەفتارییەكانی داڕشتووە بە شێوەیەك لەگەڵ سروشتی بابەتی خویندنی دیاریكراو بگونجێت، ژمارەی ئامانجە رەفتارییەكان گەیشتووە بە (١٠٠) ئامانج، خستووەتییە بەردەستی كۆمەڵێك لە شارەزایان و داوەران بۆ دڵنیابوونەوە لە داڕشتنی و ڕادەی گونجاو بۆ پێوانی دەستكەوت، وەكو لە خشتەی (٧) ڕوونكراوەتەوە.

خشتەی (٧)ئامانجی ڕەفتاری بۆ بابەتی خویندن بە شێوەی كۆتایی

| | | ئاستەكانی ئامانجی رەفتاری | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ز | بابەتەكان | زانین | تێگەیشتن | جێبەجێكردن | كۆی |
| ١ | چەند تێپینییەک لە بارەی ڕێنووسی كوردی بەپیتی عەرەبی | ٣ | ٣ | ٢ | ٨ |
| ٢ | پیتەكانی زمانی كوردی | ٤ | ٢ | ٣ | ٩ |
| ٣ | خاڵبەندی | ٣ | ٢ | ٣ | ٨ |
| ٤ | ئامرازی پێناسین وئامرازی نەناسین | ٣ | ٢ | ٣ | ٨ |
| ٥ | ژمارەكان | ٤ | ٢ | ٢ | ٨ |
| ٦ | چاوگ | ٣ | ٤ | ٢ | ٩ |
| ٧ | بەشەكانی ئاخاوتن | ٣ | ٢ | ٣ | ٨ |
| ٨ | ناو | ٢ | ٣ | ٣ | ٨ |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ٩ | ئاوەڵناو | ٣ | ٣ | ٣ | ٩ |
| ١٠ | کار | ٣ | ٢ | ٣ | ٨ |
| ١١ | جێناو | ٢ | ٤ | ٣ | ٩ |
| ١٢ | ئامرازی پەیوەندی | ٣ | ٣ | ٢ | ٨ |
| | کۆی | ٣٦ | ٣٢ | ٣٢ | ١٠٠ |

**حەوتەم: ئامادەکردنی پلانی وانەوتنەوە:** مەبەست لە پلانی وانەوتنەوە، بۆچوونی پێشوەختەیە بۆ هەڵوێستەکان و ڕێکارەکانی وانەوتنەوە، کە مامۆستا و فێرخوازان دایدەنێن بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی فێرکردن، (الساعدي، ٢٠٠٤: ل ٥٤)، لەبەر ڕۆشنایی ناوەڕۆکی بڕیاردراوی خوێندن و بەپێی ستراتیژییەتی پۆست و بربنان و ڕێگای کلاسیکی، پلانی وانەوتنەوە ئامادەکردووە، خستووەتییە بەردەستی کۆمەڵێك لە شارەزایان لە پسپۆڕانی زمانی کوردی و ڕێگاکانی وانەوتنەوەی زمانی کوردی، بۆ خستنەڕووی دید و بۆچوون و تێبینی و پێشنیارەکانیان، بۆ مەبەستی چاکردنی دارِشتنی پلانەکە، هەروەها دروست بێت، بۆ دەستەبەرکردنی سەرکەوتنی ئەزموونی، بەپێی پێویست هەموارکراوەتەوە.

**هەشتەم: ئامرازی توێژینەوەکە:**

١- **تاقیکردنەوەی دەستکەوت:** توێژەر تاقیکردنەوەی دەستکەوتی ئامادەکردووە، پێکهاتووە لە (٣٠) برگە، لە جۆری تاقیکردنەوە لە فرە وەڵام، لە بنەڕەتەوە برگەکان پێکهاتووە لە چوار شوێنگرەوە، یەکیان راستە و سێیانیان هەڵەیە، ئەوە بۆ پێوانی دەستکەوتی فێرخوازە لە بابەتی ڕێزمانی کوردی، هەورەها خستووەتییە بەردەستی شارەزایان و داوەران، تێبینییەکانی لەبەرچاوگرتوون.

- **ڕاستگۆیی تاقیکردنەوە:** ڕاستگۆیی تاقیکردنەوە بە گرنگترین تایبەتی دادەنرێت لە بونیادنانی پێوەری بۆ تاقیکردنەوەی باش، تاقیکردنەوەی ڕاستگۆیی، پێوانەی ئەو سیما و تایبەتمەندیانە دەکات، کە لە پێناوی دانراوە. (الجوهري، ٢٠١٢)

- **ڕاستگۆیی دیاردەیی:** بریتییە لە دیمەن و دیاردەی گشتی بۆ تاقیکردنەوە، لە رووی وشە و دارِشتنی و ڕادەی ڕوونییەکەی، هەروەها ڕێنماییەکانی و وردی و نمرە و ڕوونی و بابەتی و ردەی گونجاوی بۆ ئەو مەبەستەی لە پێناوی تاقیکردنەوەی دانراوە. (عباتنة، ٢٠٠٩: ل ١٥٥)، لەسەر ئەو بنەمایە تاقیکردنەوەی دەستکەوتی لەگەڵ ئامانجی رەفتاری دابەشکردووە لەسەر کۆمەڵێك لە شارەزایان، بۆ وەرگرتنی دید و بۆچوون و پێشنیارەکانیان..

**ڕاستگۆیی ناوەرۆك:** دەیەوێت نەخشەی تاقیکردنەوەی پێ بکات، بۆئەوەی هەموو ئەو بەشانەی بابەتی خوێندن لەخۆبگرێت، کە فێرخوازان خوێندوویانە، (الظاهر واخرون، ٢٠٠٢: ل ١٣٤)،

لە ڕێگای بونیادنانی خشتەی تایبەتمەندییەکان و گونجاوی بڕگەکانی تاقیکردنەوە لە ڕێگای شارەزایان و پسپۆڕان ئەوەی بەدیهێناوە.

– **شیکاری ئاماری بۆ بڕگەکانی تاقیکردنەوەی دەستکەوت:** دوای جێبەجێکردنی سەرەتایی بۆ بڕگەکانی تاقیکردنەوە لەسەر کۆمەڵەی ئەزموونی لە فێرخوازان، بڕگەکانی تاقیکردنەوەی شیکارکردووە، بۆ جێگیرکردنی گونجاوی هەموو بڕگەیەك و چاکترکردنی جۆرەکەی لە ڕێگای دۆزینەوەی بڕگەی زۆر لاواز یان زۆر سەخت یان ناجیاواز، هەروەها دوورخستنەوەی نەگونجاوەکان، دوای هەژمارکردنی هەڵگری سەختی هەر بڕگەیەك لە بڕگەکانی تاقیکردنەوە دەرکەوت لە نێوان (٠،٣٦) و (٠،٦٦)، بەوشێوەیە بڕگەکانی تاقیکردنەوەی دەستکەوت لە رووی سەختی و ئاسانی بە پەسند دادەنرێن. (شواني، ٢٠١٨: ل ١١٤)

بەڵام هێزی جیاکاری بڕگەکان و توانای بڕگەکان لەسەر جیاکاری لە نێوان فێرخوازان و دۆزینەووەی جیاوازی تاکایەتی لە نێوانیان، دەرکەوت هێزی جیاکاری هەر بڕگەیەك لە بڕگەکانی تاقیکردنەوە لە نێوان (٠،٣٠) و (٠،٦٢)، بەوشێوەیە بە پەسند دادەنرێت. (عطواني وشعبان، ٢٠١٩: ل ١٥٧)، هەروەها شوێنگرەوەی هەڵە پێویستە لە تاقیکردنەوەی هەڵبژاردن لە فرە وەڵام سەرنج راکێش بێت، هەروەها شوێنگرەوە کاراتر دەبێت، هەرچەندە بەهاکەی لە نەرێنی زیاد بکات، (مجيد، ٢٠١٤: ل ٣٠)، دوای ئەنجامدانی ڕێکاری پرۆسەی ئاماری پێویست دەرکەوت شوێنکرەوەی هەڵە سەرەنجی ژمارەیەکی زیاتری فێرخوازی کۆمەڵەی نزمی لە کۆمەڵەی باڵا ڕاکێشاوە، لەبەرئەوە بڕیاری مانەوەی سەرجەم شوێنگەرەوە هەڵەکانی وەکو خۆدی داوە، بەبێ سڕینەوە یان هەموارکردنەوە.

– **جێگیری تاقیکردنەوە:** مەبەست ڕودی بڕگەکانە، یان هەمان ئەنجام بەدەستەوە بدات، ئەگەر تاقیکردنەوەکە بۆ جاری دووەم لەسەر هەمان نموونە و لە ژێر هەمان بارودۆخ دووبارە جێبەجێ بکرێتەوە. (الجابري، ٢٠١١: ل ١٧٢)، هەڵگری جێگیریی دوای دووبارەکردنەوەی ئەزموونەکە گەیشتووە بە زیاتر لە (٨٤%).

**دارشتنی کۆتایی بۆ تاقیکردنەوەکە:** دوای تەواوکردنی هەموو داواکراوەکانی پەیوەستن بە ڕاستگۆیی و جێگیری و هەڵگری سەختی و شوێنگرەوەی هەلە و هێزی جیاکاری بڕگەکانی تاقیکردنەوەی دەستکەوت، تاقیکردنەوەکە بە شێوەی کۆتایی ئامادەیی، کە پێکهاتووە لە (٣٠) بڕگە لە جۆری تاقیکردنەوە لە فرە شوێنگرەوە.

**٢– تاقیکردنەوەی بیرکردنەوەی داهێنەرانە:** بریتییە لە گۆڕاوی پشتبەستی دووەم لە توێژینەوەکە، توێژەر تاقیکردنەوەیەکی بۆ بیرکردنەوەی داهێنەرانە ئامادەکردووە، کە کارامەیی بیرکردنەوەی داهێنەرانە دەپێوێت، بریتییە لە (ڕەوانی زارەکی، ڕەوانی هزری، ڕەسەنایەتی، نەرمی)، بۆ پێوانی بیرکردنەوەی داهێنەرانەی فێرخواز لە بابەتی ڕێزمانی کوردی، کە تاقیکردنەوەکە چوار کارامەیی

لەخۆدەگرێت، هەر کارامەییەك سێ وەڵامی هەیە، هەروەها پێوەرێکی بۆ ڕاست و هەڵەکردن داناوە، لە ڕێگای پێدانی سێ نمرە بۆ بیرۆکەی نوێ و دوو نمرە بۆ بیرۆکەی ساختە و یەك نمرە بۆ بیرۆکەی ئاسایی و سفر بۆ وەڵامی جێهێڵدراو، هەروەها خستووەتییە بەردەستی کۆمەڵێك لە شارەزایان و داوەران، کاری بە تێبینییەکانی کردوونە.

– **ڕاستگۆیی تاقیکردنەوە:** ڕاستگۆیی تاقیکردنەوە لە تایبەتی بنەڕەتی پێویست دادەنرێت، لە ئامادەکردنی تاقیکردنەوەی ڕاستگۆیی، ئەو تاقیکردنەوەیە پێوانەی ئەو تایبەتمەندی و سیمایە دەکات بۆ پێوانی دانراوە. (علام، ٢٠١٩: ل ١٣٩)، هەروەها پشتی بە دوو جۆری ڕاستگۆیی بەستووە:

**ڕاستگۆیی دیاردەیی:** بریتییە لە دیمەنی گشتی بۆ تاقیکردنەوەکە، لە ڕووی وشە و دارشتنی و ڕادەی ڕوونی، هەروەها ڕێنمایی و وردی و نمرە و ڕوونی و بابەتی و ڕادەی گونجاوی بۆ ئەو مەبەستەی لە پێناوی تاقیکردنەوەی دانراوە. (عباينة، ٢٠٠٩: ل ١٥٥)، لەسەر ئەو بنەمایە تاقیکردنەوەی دەستکەوت و ئامانجی ڕەفتاری دابەشکردووەتە سەر کۆمەڵێك لە شارەزایان، بۆ کارکردن بە دید و بۆچوون و پێشنیارەکانیان.

**ڕاستگۆیی ناوەڕۆك:** دەیەوێت نەخشەی تاقیکردنەوەی پێ بکات، تاکو ئەو بەشانەی بابەتی خوێندن لەخۆ بگرێت، کە فێرخوازان دەیخوێنن، (الظاهر واخرون، ٢٠٠٢: ل ١٣٤) لە ڕێگای بونیادنانی خشتەی تایبەتمەندییەکان و گونجاوی بڕگەکانی تاقیکردنەوە لە ڕێگای شارەزایان و پسپۆڕان بەدیهاتووە.

**جێبەجێکردنی سەرەتایی:** ئامانج لە جێبەجێکردنی سەرەتایی، بۆ مەبەستی دڵنیابوونە لە ڕوونی بڕگەکان و ڕوونی ڕێنماییەکانی تاقیکردنەوە و کاتی خایاندن بۆ وەڵامدانەوەی تاقیکردنەوەکە، لەبەرئەوە توێژەر تاقیکردنەوەی بیرکردنەوەی لەسەر نموونەی سەرەتایی جێبەجێکردووە، کە پێکهاتووە لە (٢) فێرخوازی بەشی زمانی کوردی، بۆ دیاریکردنی کاتی پێویست بۆ تاقیکردنەوە و ڕادەی ڕوونی بڕگەکان و ڕێنماییەکان، دوای ئەوە تاقیکردنەوەی سەرەتایی دووەمی جێبەجێکردووە، بۆ دیاریکردنی تایبەتمەندی سایکۆمتری بۆ تاقیکردنەوەکە، دوای ڕیزبەندکردنی نمرەکان لە سەرەوە بۆ خوارەوە، دوو نموونەی سەرکێشی باڵا و نزمی بە ڕێژەی (٢٧%) هەڵبژاردووە، هەڵگری سەختی و ئاسانی و هێزی جیاکاری و هەڵگری جێگیری دەرهێناوە.

– **جێگیری تاقیکردنەوە:** مەبەست بە وردی بڕگەکانە، یان هەمان ئەنجام بەدەستەوە بدات، ئەگەر تاقیکردنەوەکە بۆ جاری دووەم لەسەر هەمان نموونە و لە ژێر هەمان بارودۆخ دووبارە جێبەجێکرایەوە، (الجابري، ٢٠١١: ل ١٧٢)، توێژەر پشتی بە ڕێگای بەشکردنی نیوە کردووە، بە هەژمارکردنی بەیەکەوە بەستنەوەی نیوان نمرەی یەکەی تاکەکەس و نمرەی یەکەی دووانەیی بۆ فاکتەری جیاواز (ڕەوانە و نەرمی و ڕەسەنایەتی)، دەرکەوتووە هەڵگری جێگیری (٨٢%).

- **دارشتنی کۆتایی بۆ تاقیکردنەوە:** دوای تەواوکردنی هەموو داواکارییەکانی پەیوەستن بە ڕاستگۆیی و جێگیری و هەڵگری سەختی و شوێنگرەوەی هەڵە و هێزی جیاکاری بڕگەکانی تاقیکردنەوەی دەستکەوت، تاقیکردنەوەکە بە شێوەی کۆتایی ئامادەیی، کە پێکهاتووە لە (٣٠) بڕگە لە جۆری تاقیکردنەوە لە فرە وەڵام.

نۆیەم: ئامرازی ئاماری: توێژەر ئەو ئامرازانەی ئاماری بەکارهێناوە (تاقیکردنەوەی تائی بۆ دوو نموونەی سەربەخۆ، هەڵگری بەیەکەوە بەستنەوەی پیرسۆن، چوارلای کای، هەڵگری جیاکاری، هەڵگری سەختی، کارایی شوێنگرەوەی هەڵە).

**بەشی چوارەم:**

**یەکەم: خستنەڕووی ئەنجامەکان و شرۆڤەکردنیان:**

گریمانەی سفری یەکەم: بۆ لێکۆڵینەوە لە گریمانەی سفری یەکەم (تاقیکردنەوەی دەستکەوت)، دوای جێبەجێکردنی تاقیکردنەوەی دەستکەوت، دەرکەوت ناوندی هەژماری بۆ نمرەی کۆمەڵەی ئەزموونی گەیشتووە بە (٢٦،٤٥٥)، بەلادانی پێوەری برەکەی (٤،٣٠٧)، لە کاتێکدا ناوەندی هەژماری بۆ نمرەی کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو گەیشتووە بە (٢٢،٦٦٤)، بەلادانی پێوەری برەکەی (٥،٤٧٨)، ئەنجامەکەی دەریخست، جیاوازی بە بەڵگەی ئاماری لە نێوان ناوەندی نمرەی کۆمەڵەکانی توێژینەوەی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو هەیە، دەرکەوتووە بەهای تائی هەژمارکراو (٢،٨٨٧)، ئەوە گەورەترە لە بەهای تائی خشتەیی کە گەیشتووە بە (٢،٠٢١) لە ئاستی بەڵگەی (٠،٠٥)، بە نمرەی ئازادی (٤١)، ئەو ئەنجامە بەڵگەیە لەسەر سەرکەوتنی کۆمەڵەی ئەزموونی کە بابەتی ڕێزمانی کوردیان بەپیی ستراتیژییەتی پۆست و برینان خوێندوە، بەسەر کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو کە هەمان بابەتیان بەپێی ڕێگای کلاسیکی خوێندووە، خشتەی (٩) ئەوە روون دەکاتەوە.

**خشتەی (٩)ئەنجامی تاقیکردنەوەی دەستکەوتی کۆتایی بۆ کۆمەڵەی ئەزموونی**

| کۆمەڵە | ژمارە | ناوەندی هەژماری | لادان | جیاوازی | بەهای تائی هەژمارکراو | بەهای تائی خشتەیی | نمرەی ئازاد | بەڵگەی ئاماری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ئەزموونی | ٢٢ | ٢٦,٤٥٥ | ٤,٣٠٧ | ١٧,٥٧٦ | ٢,٨٨٧ | ٢,٠٢١ | ٤١ | بە بەڵگەی ئاماری |
| کۆنترۆڵکراو | ٢١ | ٢٢,٦٦٤ | ٥,٤٧٨ | ٣١,١٢٤ | | | | |

**گریمانەی سفری دووەم:** بۆ لێکۆڵینەوە لە گریمانەی سفری دووەم، لە تاقیکردنەوەی بیرکردنەوەی داهێنەرانە، دوای جێبەجێکردنی تاقیکردنەوەکە، دەرکەوتووە ناوەندی هەژماری بۆ نمرەی کۆمەڵەی ئەزموونی گەیشتووە بە (٢٥،٦٧٧)، بە لادانی پێوەری برەکەی (٥،١٥٤)، بلە کاتێکدا ناوەندی

نمرەی هەژمارکراو بۆ نمرەی کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو گەیشتووە بە (١٩،٣٥٣)، بە لادانی پێوەری بڕکەی (٦،٦٧٤)، ئەنجامەکە جیاوازی بە بەڵگەی ئاماری لە نێوان ناوەندی نمرەی کۆمەڵەکانی توێژینەوەی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو دەرخستووە، دەرکەوتووە بەهای تائی هەژمارکراو (٤،١٣٢)، ئەوە گەورەترە لە بەهای تائی خشتەیی کە گەیشتووە بە (٢،٢١) لە ئاستی بەڵگەی (٠،٠٥)، بە نمرەی ئازادی (٤١)، ئەو ئەنجامە بەڵگەیە لەسەر سەرکەوتنی کۆمەڵەی ئەزموونی کە بابەتی ڕێزمانی کوردیان بەپێی ستراتیژییەتی بوست و برینیان لە تاقیکردنەوەی بیرکردنەوەی داهێنەرانە خوێندووە، بەسەر کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو کە هەمان بابەتییان بەپێی ڕێگای کلاسیکی خوێندووە، خشتەی (١٠) ئەوە ڕوون دەکاتەوە.

**خشتەی (١٠)ئەنجامی تاقیکردنەوەی بیرکردنەوەی داهێنەرانە بۆ کۆمەڵەکانی توێژینەوە**

| کۆمەڵە | ژمارە | ناوەندی هەژماری | لادان | جیاوازی | بەهای تائی هەژمارکراو | بەهای تائی خشتەیی | نمرەی ئازاد | بەڵگەی ئاماری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ئەزموونی | ٢٢ | ٢٥,٦٧٧ | ٥,١٥٤ | ٢٧,٤٣٢ | ٤,١٣٢ | ٢,٠٢١ | ٤١ | به بەڵگەی ئاماری |
| کۆنترۆڵکراو | ٢١ | ١٩,٣٥٣ | ٦,٦٧٤ | ٤٤,٧١٦ | | | | |

**دووەم: شرۆڤەکردنی ئەنجامەکان:**

١- ستراتیژییەتی پۆست و برینان بەشداری لە زیادکردنی دەستکەوتی فێرخوازان کردووە، لە ڕێگای بەشداریکردن و ڕەخساندنی کەشی فێرکردنی گونجاو و دۆزینەوەی توانای فێرخوازان.

٢- وانەوتنەوە بە بەکارهێنانی ستراتیژییەتی بوست و برینیان فێرخوازا دەکات بە تەوەری پرۆسەی فێرکردن.

٣- کارامەیی بیرکردنەوەی داهێرنەانە لای فێرخوازان گەشە پێدەدات، وادەکات فێرخوازان لەگەڵ یەکدی و لەگەڵ مامۆستا کارلێکبکەن.

٤- دەبێتە هۆی زیادبوونی پاڵنەری گرنگیدان بە وانەی ڕێزمانی کوردی.

**سێیەم: دەرئەنجامەکان: لەبەر ڕۆشنایی ئەنجامەکان، توێژەر گەیشت بەو دەرئەنجامانە:**

١- گرنگی ستراتیژییەتی پۆست و برینان لە زیادکردنی دەستکەوتی فێرخوازان لە بابەتی ڕێزمانی کوردی.

٢- گرنگی ستراتیژییەتی پۆست و برینان لە گەشەپێدانی بیرکردنەوەی داهێنەرانە لای فێرخواز.

٣- بەشداری لە چاندنی گیانی کارلێککردن و بەشداریکردنی ئەرێنی لە وانەکە دەکات.

**چوارەم: ڕاسپاردەکان:**

١- کردنەوەی خولی بەردەوام بۆ مامۆستایان لە بواری ڕێگاکانی وانەوتنەوە.

٢- دەستەبەرکردنی ژینگەی وانەوتنەوەی گونجاو، لە ڕێگایەوە کارلێککردنی مامۆستایان و فێرخوازان ببێت.

٣- هاندانی مامۆستایان یان وانەبێژان لەسەر بەکارهێنانی هۆکار و ئامرازی فێرکردنی جۆراوجۆر و ئەنجامدانی چالاکی فێرکردنی جۆراوجۆر لە ناو ژووری پۆل.

٤-دەکرێت ستراتیجییەتی پۆست و برینان لە فێرکردنی ڕێزمانی کوردی بۆ فێرخوازانی بەشی زمانی کوردی بەکاربهێنرێت (ئەوانەی کوردی زمانی دووەمیانە و ئاخێوەری ڕەسەنی کوردی نین).

**پێنجەم: پێشنیارەکان:**

١- ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی هاوشێوەیە بە بەکارهێنانی ستراتیژییەتی بوست و برینیان لە بابەتی خوێندنی دیکە لە بەشی زمانی کوردی.

٢- ئەنجامدانی لێکۆڵنەوە شێوەی دیکە لە بیرکردنەوە وەربگرێت، وەکو بیرکردنەوەی لێکنزیك و لێکدوور و داهێنان و ڕامان و بیرکردنەوەی دیکە.


**<u>سەرچاوە بەزمانی کوردی:</u>**

- ئەمین، نووری علی (٢٠١٣)، ڕیزمانی کوردی (چ٣) چاپخانەی هێڤی.

- خۆشناو، نەریمان عەبدوڵڵا(٢٠١١)، ڕێزمانی کوردی، چاپی سێیەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

- مارف، ئەورەحمانی حاجی، **ڕێزمانی کوردی بەرگی یەکەم (وشە سازی)** بەشی کەم (ناو)، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆژهەڵات.

**<u>سەرچاوە بەزمانی عەرەبی:</u>**

- ابو جادو، صالح محمد علي (٢٠٠٣): **علم النفس التربوي،** ط ٣، دار المسيرة للنشر والتوزيع، الاردن.

- أبو رياش، حسن محمد (٢٠٠٧): **التعلم المعرفي،** دار المسيرة للنشر، عمان، الأردن.

- الأمين، إسماعيل محمد، (٢٠٠١): **طرق تدريس الرياضيات (نظريات وتطبيقات)** ، دار الفكر العربي ، القاهرة، مصر.

- الباوي، ماجدة ابراهيم، والشمري، ثاني حسين،(٢٠٢٠): **نماذج واستراتيجيات معاصرة في التدريس والتقويم،** دار امل الجديدة.

- بدوي، رمضان مسعد، (٢٠٠٣): **استراتيجيات في تعليم وتقويم تعلّم الرياضيات،** دار الفكر للطباعة والنشر والتوزيع، عمان، الأردن.

- بكري، سهام عبد المنعم، (٢٠١٥) **التعلم النشط،** دار الكتب للنشر.

- التكريتي، وديع ياسين محمد خليل (٢٠١٨): **التعلم النشط،** دار المسيرة للنشر والتوزيع.

- التميمي، اميرة محمود خضير، والنعيمي، ليث عثمان نصيف، (٢٠٢٢): **التفكير والتدريس،** دار المسيرة للنشر والتوزيع والطباعة، الاردن.

- الجابري، كاظم كريم رضا (٢٠١١): **مناهج البحث في التربية وعلم النفس الاسس والادوات،** النعيمي للطباعة والاستنساخ، بغداد

- جمهورية العراق (١٩٩٠): **دليل كلية التربية،** وزارة التعليم العالي والبحث العلمي، بغداد، العراق.

- الجواهري، محمد محمود (٢٠١٢): **اسس البحث الاجتماعي،** ط ٢، دار المسيرة للنشر والتوزيع والطباعة، عمان، الاردن.

- حاجي، عبد الله، واخرون (٢٠٢٣)، **فاعلية استراتيجيات تريز في تنمية التفكير الابداعي لدى طلبة الصف العاشر في مادة اللغة العربية للناطقين بغيرها،** مجلة جامعة دهوك،المجلد ٢٦، العدد ١، ص٧٣٥-٧٤٩

- الحسناوي، حاكم موسى (٢٠١٩): **فاعلية طرائق التدريس الحديثة في تنمية الاتجاهات العلمية،** دار ابن النفيس للنشر والتوزيع.

- حمادنة، برهان محمود (٢٠١٨): **التفكير الابداعي،** عالم الحديث للنشر والتوزيع.

- الحيلة، محمد محمود ، و توفيق أحمد مرعي، (٢٠١٣): **طرائق التدريس العامة،** دار المسيرة للنشر والتوزيع، عمان، الأردن.

- الخزاعلة، محمد فياض، وآخرون، (٢٠١١): ، دار صفاء للنشر والتوزيع، عمان.

- خليل، صباح جليل (٢٠١٥)، **اثر استراتيجية التعلم التعاوني في تحصيل مادة القواعد لدى طلب قسم اللغة الكردية،** مجلة الاستاذ، العدد (٢١٤)، ٢٦٣- ٢٨٨

- خورشيد، فؤاد حمه (٢٠٠٨):**اللغات واللهجات الكردية،** دار الثقافة والنشر الكردية، بغداد.

- زاير، سعد علي، واخرون، (٢٠١٤): **طرائق التدريس العامة،** دار صفاء للنشر والتوزيع، عمان.

-زاير، سعد علي، و سماء تركي داخل (٢٠١٣): **الاتجاهات الحديثة في تدريس اللغة العربية،** دار المرتضى طبع نشر توزيع، شارع المتنبي، بغداد.

- زاير، سعد علي، ونعمة دهش الطائي، و سن عباس جاسم (٢٠٢٠): **بنك الاختبارات اللغوية،** ط ١، دار الرضوان للنشر والتوزيع، عمان، الاردن.

- زاير، سعد علي وسماء تركي داخل، (٢٠١٥): **اتجاهات حديثة في تدريس اللغة العربية،** ط ١، الدار المنهجية للنشر والتوزيع، عمان، الاردن.

- الزغلول، عماد عبد الرحيم، وشاكر عقله المحاميد، (٢٠٠٧): **سيكولوجية التدريس الصفي،** الطبعة الأولى، دار المسيرة للنشر والتوزيع والطباعة، عمان، الأردن.

- زيتون، كمال عبد الحميد، (٢٠٠٠): **تدريس العلوم من منظور البنائية**، المكتب العلمي للنشر والتوزيع، الاسكندرية، مصر.

- الساعدي، عمار جبار عيسى (٢٠١٢): **أثر توظيف برنامج الكورت في اكتساب المفاهيم البلاغية وتنمية المهارات النقدية عند طالبات معاهد اعداد المعلمات**، اطروحة دكتوراه غير منشورة، جامعة بغداد.

- شواني، حسين شفيق (٢٠١٨): **اساسيات القياس والتقويم في المجال الرياضي**، دار الوفا لدنيا الطباعة والنشر.

- شواهين، خير سلمان (٢٠١٨): **توجيهات حديثة في القياس والتقويم التربوي**، عالم الكتب الحديثة للنشر والتوزيع، الاردن.

-طوابلة، هادي، واخرون (٢٠١١): **طرائق التدريس**، الطبعة الخامسة، دار المسيرة للنشر والتوزيع والطباعة، عمان، الأردن.

- الظاهر واخرون (٢٠٠٢): **مبادئ القياس والتقويم في التربية**، مكتبة دار الثقافة، عمان.

- عباينة ، عماد خصاب (٢٠٠٩): **الاختبارات محكية المرجع فلسفتها وأسس تطوره**، دار المسيرة، الاردن.

- عبد الرحمن، رزكار علي، (١٩٨٧): **الوجيز في اللغة الكردية**، المكتبة الوطنية، وزارة الثقافة، بغداد، العراق.

- عبد السلام، محمد، ٢٠٢٠، **التفكير الابداعي بين النظرية والتطبيق**، مكتبة نور، مصر.

- عبد العال، حسن إبراهيم (٢٠٠٧): **التربية الإبداعية ضرورة وجودة** ، دار الفكر.

- عبد العزيز، سعيد (٢٠٠٩): **تعليم التفكير ومهاراته تدريبات وتطبيقات عملية**، ط ١ ، دار الثقافة للنشر والتوزيع، عمان، الاردن.

- العدوان، زيد سليمان، والحوامدة، محمد فؤاد (٢٠١٢): **تصميم التدريس بين النظرية والتطبيق**، ط ٣، دار المسيرة للنشر والتوزيع، الاردن.

- عطوان، اسعد حسين، و شعبان، شيماء صبحي (٢٠١٩): **القياس والتقويم**.

- علام، صلاح الدين محمود، (٢٠١٩): **القياس والتقويم التربوي والنفسي**، ط ١، الفكر العربي للنشر والتوزيع، القاهرة، مصر.

- قطامي، يوسف، ٢٠٠٧: **الموهبة والابداع وفق نظرية الدماغ**، ط١ دار ديبونو للنشر والتوزيع، الاردن.

- مجيد، سوسن شاكر (٢٠١٤): **أسس بناء الاختبارات والمقاييس النفسية والتربوية**، ط١، ديبونو للطباعة والنشر والتوزيع، الاردن.

- ملحم، سامي محمد (٢٠١٧): **مناهج البحث في التربية وعلم النفس**، دار المسيرة للنشر والتوزيع والطباعة، عمان.

- الموسوي، نجم عبد الله غالي (٢٠٠٩): **صعوبات تعلم مادة قواعد اللغة العربية في المرحلة الابتدائية من وجهة نظر معلمي المادة ومعلماتها.** مجلة دراسات تربوية، ع ٥، (١٤٩–١٨٥).

- النجار، نبيل جمعة صالح (٢٠٠٦): **الاحصاء في التربية والعلوم الانسانية مع تطبيقات برمجية (spss)**، دارالحامد للنشر والتوزيع، عمان، الاردن.

- النحلاوي، عبد الرحمن، (٢٠٠١): **أصول التربية الإسلامية وأساليبها في البيت والمدرسة والمجتمع**، ط٢، دار المسيرة، عمان.

- راضي، عبد الله احمد غرابية (٢٠٠٧): **اثر تدريس حل مسائل الفيزياء باستراتيجيتي بوليا وبوست برينان في تنمية تقدير الذات في الفيزياء وفي القدرة على حل مسائلها لدى طلبة الصف التاسع في الاردن**، رسالة ماجستير، كلية التربية، جامعة اليرموك

**سەرچاوە بەزمانی ئینگلیزی:**

- Torrance , E.P. (1993) **Torrance test of creative thinking**. Norms Technical Manual , New York.